# هەڵوێستی ڕاگەیاندنی میسر بەرامبەر جەنگی دووەمی کەنداو۱۹۹۰-۱۹۹۱
## ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە )

م.ی.زانا طیفور عبدالصمد
زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

### پێشەکی

جەنگی دووەمی کەنداو یەکێکە لە ڕوداوەکانی مێژووی هاچەرخ، کە لەئەنجامی داڕمانی ژێرخانی ئابوری عێراق، بە بیانووی کێشەی سنورو پێنەدانی قەرزو دابەزینی نرخی نەوت دروستبوو، بەلاّم ئەم جەنگە یەکێکە لەوجەنگانەی کە تا ئەمرۆ کاریگەری نەرێنی بەسەر خەڵکی عێراق ماوە، ئەم پەلاماردانەی عێراق بۆسەر کوێت بووە مایەی سەرسام بوونی وولاّتانی رۆژهەلاّت ورۆژئاوا، وایکرد جیهان بەئاگابێتەوە، یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە بەدرێژایی مێژوو پەیوەندیەکی توندو تۆلی لەگەڵ عێراق هەبوو دەوڵەتی میسر بوو، بەلاّم لەسەر ئەم جەنگە هەڵوێست ولێکدانەوەکانی بەشێوەیەکی جیاوازبوو لەگەل دەسەلاتدارانی عێراق، میسر پێی وابوو عێراق هەڵەیەکی گەورەی کردووە، ئەم پرسە بەلایەنی سەربازی چارەسەرناکرێ، بۆیە بەهەموو شێوەیەك کەوتە دژایەتی کردنی عێراق. میسر پشتگیری خۆی بۆ کوێت دووپات کردەوەو پشتگیری لە حکومەتی شەرعی کوێت دەکرد، هەر بۆیە پشتگیری خۆی نیشاندا وەك یەکێك لە دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ بەرەی رۆژئاوادا بەشداریکرد، هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەسەلاّتی چوارەم کەوتە دژایەتی کردنی عێراق کە دەزگاکانی راگەیاندن بوو، وەك یەکێك لە جومگە سەرەکیەکانی دەسەلاّتدارانی میسر، هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند، کە هەریەکە لە( رۆژنامەوگۆڤارو تەلەفزیۆن و ڕادیوکان) کەوتنە گواستنەوەی هەواڵەکانی ئەم جەنگەو پیشاندانی ڕوداوەکانی بۆ هەموو جیهان.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو بەستووە، کە خۆی لە شیکردنەوە و هەڵهێنجانی ڕاستییەکان دەبینێتەوە، لە ڕێگای تێڕامان و ووردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە دووچاری چەندین گرفت بووین لەوانە: کەمی سەرچاوەی ڕەسەن بەزمانی کوردی کە باس لە هەڵویستی ڕاگەیاندنی میسر دەکات بەرامبەر جەنگی دووەمی کەنداو، زەحمەتی سەفەرکردن بۆ ولاّتی میسرو شاری قاهیرە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە دووچاری بووە، گەڕانمان لەناو ئەرشیفەکانی میسرو پێنەدانیان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەم دەزگایانەوە بەهۆکاری پاراستنی نهێنی ئاسایشی نیشتیمانی.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەو دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە، بەم شێوەی خوارەوە: لە دەروازەدا بە کورتی باسمان لە پەیوەندی نێوان عێراق و میسر کردووە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو. تەوەری یەکەم: باسمان لە هۆکارە سیاسی و مێژوویی و ئابوری و کەسێتییەکان کردووە، کە بوونە هاندەرێك بۆ هەڵگیرسانی ئەم جەنگە. تەوەری دووەم باس لە هەڵوێستی ڕاگەیاندنی میسری دەکەین کەخۆی لە هەڵویستی رۆژنامە و گۆڤارەکان

دەبینێتـەوە، هـەروەها هەڵوێسـتی تەلـەفزیۆن و میـدیاکانی میسـر، کـە چـۆن ڕوداوەکـانی ئـەم جەنگـەیان شـرۆڤە کردووە و هەریەکە ڕاووبۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

لـە ئامـادەکردنی ئـەم توێژینەوەیـە پشـتمان بـە چـەندین سەرچـاوەی هەمەلایـەن بەسـتوە، کـە هەنـدێکیان بـەزمانی عـەرەبین و، ئـەوانی دیکـە بـەزمانی ئینگلیـزین، هەنـدێکی تـریش بـە زمـانی کـوردی، لەوانـە کتێبەکـەی فیبی مارِ بەناوی(مێژووی نوێی عێراق)، چارلز تریب بەناوی( چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عێراق).

زیاتر سوودمان لە رۆژنامەکانی میسر وەرگرتـوە وەکـو رۆژنامـەکانی (ألأهـرام و الجمهوریـة و ألاخبـار الیـوم) بەسـتوە، هـەروەها سـودێکی زۆریشـمان، لـەگۆڤارەکانی میسـر وەرگرتـووە وەك گۆڤـاری( روز یوسـف، أكتـوبر، اخـر الساعة، صباح الخير، مصور)، کـە هەریەکـە لەمانـە ڕاو بۆچـوونی خـۆی لـەزاری رۆژنامـە نوسـەکانەوە وەرگرتـووە دواتر بلاّویان کردۆتەوە.

**دەروازە**

مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و میسر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، کە ئـەم دوو دەوڵەتـە خـاوەن شارستانیەکی هاوبەشن، ئەوانیش بریتیـە لەشارسـتانیەتی( میسـۆپۆتامیاو وادی النیـل) ، بۆیـە بەدرێـژایی مێـژوو گۆرانکـاری بەسـەر پەیوەندیـەکانیان هـاتووە، هەنـدێ جـار لێـك نیزیکبونـەوەو هەنـدێ جـاریش لێـك دورکەوتونەتەوە[١].

کاتێك لە ساڵی (١٩٦١) کێشەی دەوڵەتی کوێت سـەرهەڵدەدات بـەریتانیا پشـتگیری دەکـات ودان بـە سـەربەخۆیی کوێـت دادەنێـت وەك دەوڵـەتێکی فـەرمی، لەوکاتـە عبـدالکریم قاسـم ڕازی نابێـت و دەڵێـت ": کوێـت بەشـێکە لـە عێراق و سەر بە ویلایەتی بەسرایە"، هـەر لەوکاتـەدا سـەرۆکی میسـر دان بـە سـەربەخۆیی کوێـت دادەنێـت، ئـیتر لێرەوە میسر وەك داکۆکی کەریکی کوێت دەناسرێ[٢]. لەوکاتەدا ململانێ لە نێوان میسرو عێـراق دەسـت پێـدەکات لەسـەر دەوڵـەتی کوێـت ،دوای کۆتـایی هـاتنی حـوکمی عبـدالکریم قاسـم و هـاتنی ( عبدالسـلام عـارف١٩٦٣-١٩٦٦) پەیوەندیـەکانی نێـوان عێـراق میسـر هێـور دەبێتـەوە، بـەهۆی نزیکـی عبدوالسـەلام عـارف وسـەرۆکی ئەوکاتـەی میسر[٣]، دواتر پەیماننامەیەك لـە نێـوان عێـراق و میسـر سـوریا دەبەسـترێ بـەناوی پەیماننامـەی ( یـەکێیتی سـێ قـۆڵی) [٤]، دوای هـاتنی بەعسیەکان بۆسـەر دەسـەلاّت لەسـاڵی( ١٩٦٨) هـەوڵی کـارا درا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نێوان عێراق وکوێت، دواتر لە سالی (١٩٧٣) گفتوگۆکان لـە نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە دەسـتی پێکـرد دوای سـەردانی

---

[١] أحمد أمين سليم:مصر والعراق_دراسة حضارية،ط٢، دار النهضة العربية،بيروت ،٢٠٠٩،ص١٦-١٧.

[٢] خالد يحيى احمد الجبوري، الكويت ومحاولات استعادتها في التاريخ المعاصر،بغداد،١٩٩٣،ص٥٣.

[٣] اديث وائي ،ايف بينروز :العراق دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥-١٩٧٥،ترجمة: عبد المجيد القيسي،ج٢،د.م،١٩٨٩،ص٣٠.

[٤] یەکێیتی سێ قۆڵی : ئەو پەیماننامەیە بوو کە لەنێوان هەر سێ دەوڵـەتی عێـراق و میسـرو سـوریا بەسـترا لـە شـاری قـاهیرە دوای بەسـتانی پێـنج کـۆنگرە ئینجـا گەیشـتنە ڕێکـەوتن، کـە لـەنێوان سـەرۆکی عێـراق ئەحمـەد حسـن بـەکر و سـەرۆکی میسـر جمـال عبدالناصرو لۆی ئەتاسی نوێنەری سوریا لە رۆژی(١٧/ نیسانی ١٩٦٣ )، دواتر بە بەناوی (کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو) ناسـرا، بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هيثم غالب الناهي : خيانـة الـنص في الخريطـة السياسـية للمعارضـة العراقيـة (قـراءة نقديـة في روايـة الحـدث والتاريخ) ، الدار الاندلسية ، لندن ، ٢٠٠٢، ص١٨٤.

وەزیری دەرەوەی کوێت (صەباح ئەحمەد صەباح) بۆ عێراق، دوای چەندین سەردانی شاندی هەردولا، توانرا بارودۆخی نێوانیان هێور بکریتەوە.

لە سەرەتای حوکمرانی (محمد ئەنور سادات ١٩٧٠-١٩٨١)دا، تاڕادەیەك پەیوەندی نێوان عێراق و میسر باش بوو، دواتر پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەرەو تێکچوون ودژایەتی کردن هەنگاوینا، ئەویش بەهۆی مۆرکردنی پەیماننامەی(ئاشتی) [٥] لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)، هەر بۆیە پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەرەو ئاڵۆزی چوو، ئەم جارە لەسەر کیشەیەکی تری عەرەبی نەك دەوڵەتی کوێت بوو، عێراق هەنگاوی نا بە ئاراستەی دابڕانی دەوڵەتی میسر لە کۆمەڵگەی دەوڵەتانی عەرەبی، لەم بارەیەوە عێراق بەپێشەوایەتی کردنی بەرەی بەرهەڵستکاری میسر ناسرا. دواتر لە ساڵی (١٩٨١) محەمەد ئەنوەر سادات کوژرا، ڕاگەیاندنەکانی عێراق ووشەی نەگونجاویان بەکارهێنا بەرامبەر سەرۆکی میسر[٦].

دواتر لە سالی (١٩٨١) محەمەد حوسنی موبارەك چووە سەر کورسی دەسەلآت لە میسر، لێرەوە پەیوەندییەکانیان گۆرانکاریان بەسەر داهات لەڕووی سیاسی وئابوری وسەربازیەوە، میسر یارمەتی عێراقیدا لەجەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨)، دواتر لە ساڵی (١٩٨٩)دا کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی(ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی) کە لە( عێراق و میسرو ئوردەن و یەمەن) [٧] پێك هاتبوون. دواتر لە(١٩٩١) جەنگی دووەمی کەنداو لەنێوان عێراق لەلایەك وکوێت وهاوپەیمانان لەلایەکی تر ڕویدا، لە سەرەتای جەنگەکەدا سەرۆکی میسر محەمەد حوسنی موبارك چەندین جار سەردانی عێراقی کرد، تا بە ئاشتیانە ئەم کیشەیە چارەسەر بکەن، بەلآم سەدام حوسێن ڕازی نەبوو، پیش دەستپێکردنی جەنگەکە بیستویەك چاوپێکەوتن و نامەگۆڕینەوە لە نێوان سەدام حوسێن ومحمەد حوسنی موبارەك کراوە[٨]. تا دواجار میسر بڕیار دەدات بچێتە بەرەی هاوپەیمانانەوە، دژایەتی کردنی عێراقی ڕایگەیاندو داوای لە عێراق کرد لەماوەی بیستوچوار سەعات کوێت بەجێ بهێڵێت، مافی شەرعیەتی کوێت بگێرێتەوە، بەڵام سەدام حوسین گوێی پێ نەدا، بۆیە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە گەڕایەوە خاڵی سفر، ڕاگەیاندنی میسریش بەدەرنەبوو لەو پەیوەندیەو بەهەموو شێوەیەك کەوتە ناشیرنی کردنی حکومەتی عێراق و دژایەتی تەواوی خۆی ڕاگەیاند [٩].

---

[٥] پەیماننامەی ئاشتی: ئەو پەیماننامەیە بوو، لەرۆژ(١٧/تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) لە ئەمریکا، لەنێوان سەرۆکی میسر محمد ئەنوەر سادات و مناحیم بیگن سەرۆك وەزیرانی ئیسرائل بە نێوانگیری جیمی کارتەری سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بەسترا، دوای ساڵێك پەیماننامەیەکی تریان بەناوی( کامب دێڤید) بەستا، ئەویش هەر لە ئەمریکابوو لەنێوان میسرو ئیسرائیل، ئامانجی ئەم پەیماننامانە ئەوەبوو ئاشتی لەنێوان میسرو ئیسرائیل، بێتەدی گەڕانەوەی خاکی میسرو بەتایبەتی بیابانی سینابوو، دواتر ئەم پەیماننامەیە بووە هۆی پچرانی پەیوەندی نێوان میسرو هەموو دەوڵەتانی عەرەبی کە لەم نێوەندەدا میسر زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:محسن عوض:مصرو إسرائيل-خمس سنوات من التطبيع،دار المستقبل العربي،بيروت، ،ص٢٨٨.

[٦] صحيفة الجمهورية العراقية،العدد (٤٤٢٠) ، بتاريخ(٨/تشرين الاول ١٩٨٩)،ص١.

[٧] عبدالكريم احمد عامر: مجلس التعاون العربي الحاضر والمستقبل ، صنعاء، ١٩٨٩،ص٣٣-٣٤.

[٨]محمد عبد المنعم: السيناريو والكابوس، مجلة (الدفاع)، العدد (٥٤)، مؤسسة الاهرام، القاهرة ، يناير ١٩٩١ ، ص ٩٥.

[٩] جلال امين : العرب ونكبة الكويت،مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩١،ص٢٢.

**تەوەری یەکەم:هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی کەنداو:-**

**یەکەم: هۆکاری سیاسی ومێژوویی:**

کەنداو لە کۆنەوە ناوچەیەکی ستراتیژی و دەوڵەمەندی بازرگانی بوو، لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو ناوەندێکی پڕ بایەخی نەوت بوو، بۆیە لە سەردەمانێکی زووەوە سەرەنجی، ووڵاتە زلهێزەکانی ڕاکێشاوەو لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە[١٠]. بەڵام لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨)، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەرەو خراپی هەنگاوینا، ئەویش لە ئەنجامی کێشەی سنوری نێوانیان، هەروەها کێشەی مەزهەبی و، سەرەنجام ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نێوانیانی لێکەوتەوە و بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە کۆتایی هات[١١].

ململانێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی و ئابوری ومێژوویی و سەربازی، ئەمەش دوای تێکچوونی هاوسەنگی هێزی جیهانی ڕوودەدات. بە ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەلأت و بەهێزبوونی بلۆکی ڕۆژئاوا لێکەوتەوە. بەمەش ئەمریکا بوو بە تاکە بڕیاردەرو زلهێزی جیهان دەسەلأتی بەسەر تەواوی ڕۆژهەلأتی ئەوروپاو ڕۆژهەلأتی ناوەراست و ناوچەی کەنداو هەبووە[١٢]، پاش کۆتای هاتنی جەنگی عێراق وئێران، ئەمریکا هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق پەرەپێبدات، وەك هێزێکی کاریگەری ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەر بۆیە لە وتارەکانی نێوان سەدام حوسێن و جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لەو گفتوگۆیانەی کە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و سەدام حوسێن ئەنجامدرا. بەهەمان شێوە لە لێدوانەکانی (جۆن کیلی) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلأتی ناوەراست لە بەغداو، ئەو چاوپێکەوتنە بەناوبانگەی لە نێوان سەدام حوسێن و باڵوێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئەبریل غەلاسبی)[١٣] ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەبوو سەدام حوسین لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی شاندو کەسایەتییە ئەمریکیەکان، کە ناودارترینیان (غلاسبی) بوو، بۆیە سەدام حوسین خۆی بەخاوەن بڕیار لە عێراق دەزانی، پێی وابوو دەتوانێت ئەوەی دەیەوێ بەدەستی بهێنێ، بەبی هیچ کاردانەوەیەك، ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی کوێت، هەتا وای لێهاتبوو هاوپەیمانێتی پێشووتری بیرچۆبۆوە کە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت هەیبوو، لەو کاتەدا شەری سارد کۆتایی هاتبوو، بەشێوەیەك جگە لەسەرکردایەتی عێراق هیچ سەرکردەیەکی تر نەبوو لە ناوچەکە کە لە دژی بەرژەوەندییەکان ئەمریکا بوەستێتەوە. بۆیە هەڵەی گەورەی سەرکردەکانی

---

[١٠] ترکي الحمد: أزمة الخليج الجذور والاثار، مجلة (المستقبل العربي)،العدد( ١٥٢)، اكتوبر١٩٩١،ص ص ٧٣-٨٢.

[١١] بطرس بطرس غالي: افتتاحية ، مجلة (السياسية الدولية)، العد(١٠٥)، القاهرة،١٩٩١،ص٣.

[١٢] فیبی مار : مێژووی نوێی عێراق ، و:حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٠،ل٣٥٧.

[١٣] ئەبریل غەلاسبی: خەڵکی شاری (فانکفۆری) کەنەدایە، دەرچووی زانکۆی (جۆن هۆبکنزی) کالیفۆرنیایە، لە ساڵی (١٩٦٦) پەیوەندی بە نوسینگەی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە، هەروەها شارەزایەکی زۆری لە کاروباری ڕۆژهەلأتی ناوەراست هەبوو، دواتر لە سالی (١٩٨٩)، دەبێتە سیانزەهەمین باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەتا دەستی پێکردنی جەنگی کەنداوی دووەم( ١٩٩٠)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

john mearsheimer and stephen walth : an unnecessary war,foreign policy,jun feb ٢٠٠٣,p-٥٤

عێراق ئەوەبوو کە سروشتی بڕیاری ئەمریکایان نەدەزانی، چونکە ئەمریکا هەردەم لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی [١٤].

لە قۆناغی سەرکەوتنی ئەمریکاو ڕۆژئاوا دوای جەنگی سارد، هیچ کەسایەتیەکی سیاسی نەبوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ڕۆڵ و پێگەیەکی ئەتۆیان هەبێ و کاریگەری لەسەر بڕیارو سیاسەتی ئەمریکا هەبێت، لە کاتێکدا سەدام شانازی بە پێگەی هێزی سەربازی خۆی لە ڕۆژهەلات دەکرد، لەلایەکی دیکەوە بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە ناوچەکە، زیاتر بووە جێگەی تێڕامانی ئەمریکا، سەدام لە یەکێك لە ووتارەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت" دەتوانێت نیوەی ئیسرائیل بسوتێنێت بە چەکی کیماوی"، جگە لەو پێشینە ئایدۆلۆژیایەی کە سەدام لەسەری گۆشکراوبوو لە لایەنگیری وبوونی پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ئەمریکا، سەدام وەك کەسایەتیەکی نەشیاو وولأتەکەشی لە چوارچێوەی کاریگەری سۆڤیەت سەیر بکات، بۆیە بڕیاری ئابلۆقەی وولأتەکەی دەدات [١٥].

**دووەم: هۆکاری ئابوری:**

لەجەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێراندا، پەیوەندی نێوان عێراق وکوێت لە ئاستێکی باشدابوو، حکومەتی کوێت هەموو هاوکاریەکی پێشکەش بە عێراق کردو هەموو بەندەرەکانی بەرووی عێراق کردبۆوە. کوێت (١٢) ملیار دۆلاری دا بە عێراقدا بەبێ ئەوەی هیچ سوویەك بخاتەسەر ئەو قەرزە، دواتر لە ساڵانی ( ١٩٨١-١٩٨٢ ) عێراق بڕی (٦)ملیار دۆلاری تری لە کوێت وەرگرت، کە کۆی قەرزەکانی کوێت لەسەر عێراق ( ١٨) ملیار دۆلار بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان لەساڵأنی پێش شەڕی عێراق و ئیران، عێراق خاوەنی چەندین بانکی گەورەبووە، لەڕووی ئابوریەوەو لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وبازرگانی گەشەی سەندبوو[١٦] ، بەڵام دوای ئەوەی سەدام حوسێن دەسەلاتی گرتە دەست لە ١٩٧٩، ئابوری عێراق بەرەو نزم بوونەوە ڕۆیشت کە بووە هۆی خراپبوون و دارمانی ئابوری لەووڵات، لە کاتێکدا لەپێش دەستپێکردنی جەنگ خاوەنی پاشەکەوتی ئابوری بوو کە بەنزیکەی (٣٠ )ملیار دۆلار دەخەملێنرا[١٧]، بەلأم دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵە، گەورەترین زەرەرو زیانی پێکەوت، بە نزیکەی (٣٠٠) ملیار دۆلار دەخەملێنرا. لەدوای جەنگ عێراق ڕۆژانە (١-٢) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، چونکە ڕووبەرووی گەلێك کێشەی ئابوری بۆوە، بەلأم هیچیان ئەوەندەی قەرزەکە گرنگ نەبوو کە نزیکەی(٥٠) ملیار دۆلار قەرزداری وولأتە عەرەبیەکان بوو، هەروەها نزیکەی (٢٧) ملیار دۆلاری قەرزاری ولأتانی ڕۆژئاوا وەك ( ئەڵمانیا ، یابان، فەرەنسا،ئەمریکا)بوو، جگە لە (٨) ملیار دۆلاری ڕوسیا کە قەرزی کرینی چەك بوو و(١٠) ملیار دۆلاری وولأتانی وەکو (بەرازیل، تورکیا، کۆریای باشور) [١٨].

---

[١٤] Lawrence Freedman and Efraim Karsh:How Kuwait was won-strategy in the Gulf War,international Security,Vol.١٦,No.٢(Autuman,١٩٩١),p١٦-١٧.

[١٥] تشارلز امرنجرتعريب غانم زين الدين: المطرقة والدرع-المخابرات المركزية الامريكية القصة الكاملة من الولادة الى الدور البارز في حرب الخليج، دار الحسام، بيروت، ١٩٩٢،ص٧٨.

[١٦] بيار سالينجر واريك لوران: حرب الخليج الملف السري،ط٩،دارازال للتوزيع والنشر،بيروت، ١٩٩١، ص١٧.

[١٧] م.ن،ص١١-١٢.

[١٨] فیبی مارِ : س. پ، ل٣٣٠-٣٣١.

لە ساڵی (١٩٩٠)دا عێراق ڕووبەرووی گرفتێکی تری دارایی بۆوە ئەویش دابەزینی نرخی نەوت بوو بەشێوەیەکی زۆر چاوەروان نەکراو، بەهۆی ئەوەی کە کوێت بڕیاریدا بەرهەمهێنانی نەوت زیاتر بکات، لەوکاتە عێراق پێویستی بەوەبوو نرخی نەوت جێگربێت بۆ بنیات نانەوەی عێراق، لە دوای ئەم جەنگەدا ئەم بڕیارەی کویت بووە هۆی ئەوەی کەوا عێراق ساڵانە ملیارێك دۆلار زیانی پێبکەوێت، ئەمەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزترکردو بەرەو قەیرانێکی راستەقینەی برد، لە کانوونی دووەمی سالی (١٩٩٠)، عێراق یەك بەرمیل نەوتی بە ٢١ دۆلار فرۆشتبوو، بەلاّم لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە نرخەکەی بۆ ١٨ دۆلار دابەزی و لە هاوینیشدا لە ١١ دۆلار کەمتربۆوە[١٩]. هەروەها عێراق هەوڵیدا داهاتەکانی نەوت زیادبکات، بۆیە لەو رێگەیەوە داوای لە رێکخراوی (ئۆپیك) [٢٠] کرد کە نرخی نەوت بەرزبکاتەوە، لەوکاتەدا سەدام حوسین بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوویکردە هەردوو دراوسێی (سعودیەو کوێت) بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لەو تەنگەژە دارییە رزگاری بکەن و پارێزگاری لە نرخی نەوت بکەن[٢١]. بەلاّم کویت ڕازی نەبوو قەرزەکانی سەر عێراق هەڵبوەشێنیتەوە یان ئەو جۆرە یارمەتییە داراییانە فروان بکات کە بەشدار دەبن لە بوژاندنەوەی ئابوری عێراق و کورتهێنانی بودجەکەشی چارەسەر بکات، چەند جارێك سەدام حوسین داوای هاوکاری لێیان کرد" بەلاّم هەوڵەکانی بێسوود بوو[٢٢]. لە راستیدا لە جیاتی ئەوەی( ئۆپیك ) پاپەندبێت بە بەرهەمهێنانی نەوت کە رۆژانە ٢٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، کەچی بە پێچەوانەوە رۆژانە ٢٤ ملیۆن بەرمیلی بەرهەم دەهێنا، هەریەك لە دەوڵەتانی ئیماراتی عەرەبی وکوێت هۆکاری ئەم زیادبوونە بوون [٢٣]. بە تایبەتی دوای زیادکردنی ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەردوو دەوڵەتی(ئیمارات وکوێت)، کە ئەمەش بووە هۆی نقوم بوونی بازاری نەوتی و زیادبوونی بەرهەم هێنانی نەوت لە پێویستیەکانی (ئۆپیك)، ئەمەش بنەمایەکی دادپەروەرانە نەبوو بە پیّ ی ئەو رێکەوتننامانەی لە نێوان ولاتانی ئەم ریکخراوەدا هەبوو[٢٤]. هەر بۆیە لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٩٠) وەزیری نەوتی عێراقی (عصام ئەلچەلەبی) سەردانی کوێتی کرد، بۆ ئەوەی هانی بدات تا پابەندبن بە هەناردەکردنی بەشە نەوتەکەیان، سەردانەکە لەرووی کردەییەوە هیچ سودێکی نەبوو[٢٥]، کوێت سوربوو لەسەر زیادەرۆیی کردن لەبەشەکانی خۆی لەبەرهەمهێنانی نەوت.

---

(19) Karen pfeifer: Kuwaits Economic Quanary, Middle east report,No.223,(summer,2002),p11.

(٢٠) ئۆپێك: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەرهەم هێنەری نەوتیە لە(١٤ /ئەیلولی /١٩٦٠) دامەزراوە. سەرەتا پێج دەوڵەت بەشداربوون وەکو( عێراق ، ئیران ، فەنزویلا ، سعودیە، کوێت) یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە شاری بەغداد ئەنجامدا، هۆکاری دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بتوانن نرخی نەوت جێگر بکەن ، دواتر ئەم ریکخراوە گەورەبوو لەسالی(١٩٧٥) ژمارەی ئەندامەکانی زیادی کرد بۆ(٩) دەوڵەت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە.سیروب أستیبانیان: منظمة البلدان المصدرة للنفط اوبیك، مشورات النفط والتنمیة،بغداد،١٩٨٠،ص١١-١٣.

(٢١) چارلز تریب: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عێراق،و: محمەمەد حوسێن ئەحمەد _عبدالقادر کەلهور،چ٣،دەزگای چاپ و بلاّوکراوەی رۆژهەلاّت، هەولێر،٢٠١٣،ل٣٣٤.

(٢٢) حازم صاغیە: بەعسی عێراق-دەسەلاّتی لە دروستبوونیەوە تا ڕووخانی، و: بورهان عەتار،چاپخانەی روون،سلێمانی،٢٠١٣،ل٢٤٠.

(٢٣) فیبی مار: س،پ،ل٣٥٤.

(٢٤) احمد کمال شعت : العراق المغبون و تداعیات حرب الخلیج ، مکتبە مدبولي، القاهرة،د.ت،ص٧.

(٢٥) Lawrence Freedman and Efrian Karsh: The Gulf Conflict 1990-1991, Princeton University press, London, 1993, p45.

هەریەکە لە ( میسرو ئوردن وسعودیە ) هەوڵیاندا نێوانگیری بکەن، بەلاّم هەوڵەکانیان سەری نەگرت. بە پێچەوانەوە شتی نوێ هاتەگۆڕێ لەسەر ڕووداوەکان، سەدام حوسێن باسی لە پاریزگاری ئاسایشی کەنداوو ئەوهەموو قوربانیە وخوێنی رۆڵەکانی دەکرد، کە لەماوەی هەشت ساڵەی شەری ئێراندا پێشکەشیان کردبوو[٢٦]. کوێت وەلاّمی بانگهێشتەکانی عێراقی داوە کە هاوکاری عێراقی کردووە، پاش چەند حەفتەیەك لە سەرەتای شەڕی هەشت ساڵە (٥)ملیار دۆلاری بەقەرز پێداوە، رۆژانە (١٢٥) هەزار بەرمیل نەوتی لەسەر ئەژماری عێراق دانابوو، واتە بۆ بەرژەوەندی عێراق بەکاری دەهێنا بۆ کرینی چەك .

**سێیەم: دەستپێکردنی جەنگەکە:**

لە ١٦ای تەموزدا ساڵی ( ١٩٩٠) حکومەتی عێراقی نزیکەی ٣٠ هەزار سەربازی لە نزیك سنوری کوێت بلاّوە پێکرد، سەدام حوسێن دەیویست ڕای ئەمریکا لە بارەی داگیرکردنی کوێتەوە وەربگرێ، بۆیە ڕۆژی پێش داگیرکردنی، سەدام حوسین گفتوگۆی لەگەڵ باڵوێزی ئەمەریکا لە بەغدا کرد، تا هەڵویستیان بزانێت، لەوەلاّمدا باڵوێزی ئەمریکا دەڵێت:"ئێمە وەك ئەمریکا دەست ناخەینە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق وکوێت، ئەوە گیروگرفتی عەرەبی خۆتانە، بەهەر شێوەیەك بێت چارەسەری بکەن"[٢٧]. ئەم قسانە پاڵپشتیەك دەبێت بۆ سەدام تابەرەو کوێت هەنگاو بنێت بیر لە داگیرکردنی بکاتەوە[٢٨]. تا لەبەرەبەیانی رۆژی (٢ى/ ئابی/ ١٩٩٠) سەدام حوسین فەرمانی داگیرکردنی کوێتی ڕاگەیاند و بڕیاری بە هێزەکانیدا دەست بەجووڵە بکەن بەرەو وڵاتی کوێت، فرۆکە سەربازیەکانی بەسەر شارەکە دەسوڕانەوەو، سوپای عێراق دەستیان بە هێرشکردن کردو شەڕەکە دەستیپێکرد لەهەموو شارەکان دەنگی تەقە دەبیسترا. فرۆکە جەنگیەکانی عێراق توانیان هەموو شوێنە ستراتیژیەکان بۆردومان بکەن، لەچەند کاتژمێریك زیاتری نەخایاندو هێزەکان عێراق توانیان بگەنە پایتەخت ودەست بەسەر سەربازگەکان دابگرن، بەبێ هیچ ڕوبەرووبونەوەیەکی سەربازی[٢٩]. (شێخ جابر ئەلسەباح)میری کوێت خۆی و زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی و دەسەلأتداران کویتیان بەجێهێشت بەرەوە شانشینی سعودیە هەڵهاتن.

میری کوێت زۆر بە پەلە داوای یارمەتی لە نەتەوەیەکگرتروەکان کرد. بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لەکوێت و گەرانەوەی شەرعیەت بۆ وڵات. بەلاّم حکومەتی عێراق بەپەلە بۆ بەیانی ڕایگەیاند کە کودەتای سەربازی لە کوێت لەلایەن هەندێك لە ئەفسەرانی گەنج لە بنەماڵەی صەباح حاکمی کوێت ئەنجامدراوە، عێراق لە ڕاگەیاندنەکانی ڕایگەیاند کەوا سەرکردەی کودەتاچیەکان داوای یارمەتی لەعێراق کردووە. عێراقیش داواکەی جێبەجێ کردووەو هەستاوە بەناردنی هێز، ئەم هێزەش بۆ ماوەی یەك حەفتە دەمێنێتەوە، یان چەند حەفتەیەك هەرکاتێك بارودۆخەکە ئارام بۆوە ئەوا ئەوان دەکشێنەوە[٣٠].

لەسەرەتادا (سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو) هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو. لەرۆژانی یەکەم لە داگیرکردنی کوێت، هەموو توشی شۆك وترس ببوون لەوەی سەدام حوسێن پێشرەوی بکات بۆ داگیرکردنی ناوچەی کەنداو

[٢٦] بیار سالینجر واریك لوران:م.س،ص١٨.

[٢٧] کۆن کۆگڵن: سەدام و ژیانی نهێنی ،و: لوقمان باپیر، چ٢ ،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١١، ل٣٧٩ ؛ فیبی مار،س. س.پ،ل٣٦١.

[٢٨] مستەفا ئەلدەباغ: چاوبەستن و هەڵخەلتاندن لەجەنگی کەنداودا، چاپخانەی مەشخەڵ ،سلێمانی ،٢٠٠٢، ل٧٩.

[٢٩] أحمد صدقي الدجاني:أزمة الخليج وتداعياتها على الوطن العربي،ط٢، مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت، ١٩٩٧،ص١٠.

[٣٠] بیار سالینجر واریك لوران:م.س،ص١٩.

بەگشتی، لەم کاتەدا چاویان لەسەر هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابوو . چاوەڕێی وەلأم وکاردانەوە بوون بەرامبەر ئەم ڕووداوە، بۆیە وولأتانی کەنداو لە دڵەڕاوکێ بەردەوام بوون[٣١].

بەلأم سەرۆکی میسر (حوسنی موبارەك) سەعات چواروئیوی بەیانی پەیوەندی بە بالۆێزی کوێت لە قاهیرە کرد، تا بزانێت چی رویداوە؟ ئەویش پێی ڕاگەیاند هێزی عێراقی چۆتە ناو دەوڵەتی کوێتەوە دەستی بەسەر هەموو کوێت داگرتووە. بۆیە سەرۆکی میسر تووشی دڵەڕاوکێ وسەرسوڕمان بوو لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە، هەوڵیدا پەیوەندی بە سەدام حسین بکات. بەلأم سەدام لە شوێنی خۆی نەبوو بەڵکو سەرکردایەتی سوپای دەکرد[٣٢]. داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و پێگەی ستراتیژی تازەی عێراقی لە کەنداو بەهێزکرد. ئەمەش وەك ڕکابەریەك لەبەرامبەر ڕۆڵی هەرێمایەتی میسر، لەهەمان کاتیشدا لێدوانە زیادڕەوەکانی سەدامیش سەبارەت بە کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، هەڕەشە بوون بۆ سەر هەڵوێستی میانڕەوانەی میسر. ئەم ڕایە لای خودی حوسنی موبارەك دروستبوو لەوەی سەدام خیانەتی لێکردووە. بۆیە موبارەك ڕایگەیاند کە چەند ڕۆژێك بەر لە داگیرکردنی کوێت خودی سەدام دڵنیایی کردۆتەوە کە کێشەکە بە گفتوگۆ چارەسەر دەکرێ[٣٣].

لە ١٠ی ئابدا کۆبوونەوەیەکی فراوانی لوتکەی کۆمکاری عەرەبیی لە قاهیرە بەسترا، بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکە، کۆبوونەوەیەکی پڕ لە مشت ومڕبوو. لە ئەنجامدا ئەندامانی کۆمکاری عەرەبی دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا کە بەرەی یەکەم بریتیبوون لە ( میسرو سعودیەو دەوڵەتە عەرەبیەکانی کەنداو و سوریا و مەراکیش)، بوونە لایەنگری بەرەی هاوپەیمانی ڕۆژئاواو یەکیان گرت بۆ نەهێشتنی ئەم داگیرکاریە، بەرەی دووەم لە ( لیبیا و تونس وجەزائیر) پێکهاتبوو دژی ئەوە بوون کە هاوپەیمانان بێنە ئەم ناوچەیە[٣٤].

لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ئاسایش بریاری (٦٧٨)ی دەرکرد بە پێی ئەم بڕیارە دەبوایە عێراق هێزەکانی خۆی لە کوێت بکێشێتەوە بەپێی ئەم مەرجە ڕۆژی ٢٥ ی کانوونی یەکەمی (١٩٩١) دواهەمین مۆڵەت بوو، ئەگەر سەدام لەم ماوەیە نەکشایەوە، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگە بە وولأتانی ئەندام دەدات کە هەموو ڕێگەچارەیەك بگرنەبەر بە گێرانەوەی دۆخی جاران[٣٥]، بەلأم سەدام گوێی بەو هەوڵ و داوای کەس نەداو پێی وابوو:" کوێت بەشێکە لەخاکی عێراق دەست بەرداری نابێت". بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر داوای ئەمریکا هاوپەیمانیەتێکی دروستکراو بە پشتگیری (٣٤) دەوڵەت، کە پێکهاتبوو لە( فەرەنساو بەریتانیا روسیاو میسرو سعودیەو مەغریب وعمان پاکستان وکەنداو دەوڵەتانی کەنداو ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات) ئەمریکا سەرپەرشتی شەرەکەی دەکرد کە بەشەری (گەردەلولی بیابان) ناسراوە، لە ڕۆژی (١٧ی/ کانونی دووەم/ ١٩٩٠) تاڕۆژی( ٢٨ی/ شوباتی/ ١٩٩١) خایەند، ولأتانی هاوپەیمانان توانیان دەوڵەتی کوێت ئازاد بکەن زەرەرو زیانیکی زۆر بەسوپای عێراق بگەیەنن و کە لە مێژووی هاوچەرخدا وێنەی کەم بوو[٣٦].

---

[٣١] د.م: زلزال الخليج من الغزو العراقي الى المجهول، مطابع الاهرام التجارية، القاهرة، ١٩٩٠، ص٢٤٢-٢٤٣.

[٣٢] مركز الاعلامي الكويتي في القاهرة:جريمة غزو العراق للكويت أحداث ووثائق- من يوم الغزو حتي يوم التحرير،طبعة جديدة،القاهرة، ١٩٩١،ص١٧.

(٣٣) فيبى مار: س.پ،ل٣٦٩.

(٣٤) رفعت سيد احمد: في رواق الهزيمة الحصاد لحرب الخليج الثانية، دار الهدى للنشر والتوزيع،مصر، ١٩٩٢،ص١٧.

[٣٥] جيمس بيكەر: سياسەتى ديبلۆماسى ، و: شوان احمد ،چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولير،٢٠١٢، ل١١٦.

[٣٦] اريك دافيس :مذكرات دولة- السياسة والتاريخ الهوية الجماعية في العراق الحديث،ت:حاتم عبدالهادي،مؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،٢٠٠٨، ص٣٥٧ ؛ فيبى مار : س.پ،ل٣٧٣.

**تەوەری دووەم:هەڵوێستی ڕاگەیاندنی میسر بەرامبەر جەنگی دووەمی کەنداو:-**

**بابەتی یەکەم: ڕۆڵی گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

وەك باسکرا میسر هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر هەنگاوەکانی عێراق ڕاگەیاند، بۆیە تاقیکردنەوەیەکی مەترسیدارو گران بوو بۆ ڕاگەیاندکاران و میدیاکانی میسر کە هەڵویستی خۆیان بەرامبەر ڕووداوەکان نیشان بدەن. هەڵبەتە لەوکاتەدا چەندین ئاراستەی جیاواز لەناو میسر سەرهەڵدەدات، چونکە عێراق ولاتێکی عەرەبیەو دۆست لایەنگری وولاتی میسر بووە بە درێژایی مێژوو، کە پەیوەندی سیاسی وئابوری وسەربازی بەهێز لە نێوانیاندا هەبوو. بۆیە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە شتێکی چاوەروان نەکراو بوو، لە کاتێکدا هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیە بوون کە سیاسیانە چارەسەر بکرێت و بەهیچ شێوەیەك بە ئاراستەی شەڕو داگیرکردنی سەربازی هەنگاو نەنێ، بۆیە لەوکاتەدا ڕاگەیاندنی میسری هەموو تواناکانی خۆی تەرخان کرد بۆ نیشاندانی ڕووە راستەکەی و لەسەرەتادا هەوڵیاندا چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کیشەیە بدۆزنەوەو مامەڵە لەگەل ئەو قەیرانە بکەن، چونکە قەیرانێکی عەرەبی بوو، کاریگەری سیاسی و ئابوری وسەربازی ودەروونی و کۆمەلآیەتی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی دروست کردبوو[٣٧].

لەوکاتەدا ڕۆژنامەوگۆڤارەکان رۆڵێکی کاراو کاریگەر لەناو کۆمەڵگە ی عەرەبی دەبینین، بەجۆرێك کە بەردەوام پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەو میدیا بەیەك ئاراستە دەرۆشتن، چونکە میدیاکان جوڵەو هەست و نەستی مرۆڤەکان دەجولێنن، بۆیە لەم جەنگەدا هەموو راپورت و ئەو شتە نوسراو دەست نوسانەی دەست پەیامێرەکان کەوتبوو، گرنگی تایبەتی خۆی لە قەیرانی کەنداوی دووەم هەبوو. بەو هۆیەوە توانای هەواڵەکان وکۆمێنت لەسەریان لەناوخۆو دەرەوە زۆر دەبێت. لەمیسر دوو جۆرە رۆژنامە هەبوو، هەندێکیان بێلایەن بوون، هەندێکی تریان سەر بەدەوڵەت بوون، بۆیە هەریەکە شیکردنەوە و شرۆڤەی تایبەتی خۆیان بۆ ڕوداوەکان بەشێوەی جیاواز بووە، ئەم رۆژنامانەی ڕۆڵیان لەم جەنگەدا گێرا، لەوانە رۆژنامەی ( الأهرام وأخبارالیوم والجمهوریة والمساء)، هەروەها هەندێکی تر هەبوون کە رۆژنامەی حزبی بوون، لەوانە( الوفد، الشعب،ألألهالي)[٣٨].

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ گۆڤاری تر هەبوون لەوانە:(المصور، روز الیوسف ،صباح الخیر،اکتوبر،اخرالساعة) ئەم گۆڤارانە بە شێوەیەك کاریان دەکرد کە هەموو بەڵگەو نوسراوەکانی ئەم جەنگەیان کۆدەکردوە بەشێوەیەکی نوسراو پیشانی کۆمەڵگەی عەرەبیان دەدا، ئەم گۆڤارانە خۆیان وا نیشان دەدا کە گوایە بێ لایەنن لە بلاوکردنەوەی زانیاریەکان، بەلآم لە ڕاستیدا وانەبوو بەڵکو ئینتمایان بۆ سیاسەتی ئەو کاتەی میسر هەبوو[٣٩]. هەر بۆیە هەر لەسەرەتای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، میدیاو ڕاگەیاندنەکان زۆر بە پەرۆشەوە وەسفی ڕووداوەکەیان کرد. هەریەکە تێروانین و ڕاو پۆچوونی جیاوازی لەسەر ئەم جەنگەبوو، بەم شێوەی خوارەوە:

---

[٣٧] مصطفی حجاج: کیف واجه الاعلام المصري تطور الازمة، مجلة الدراسات الاعلامیة،العدد(٦٤)، المرکز العربي للدراسات الاعلامیة، القاهرة، یرلیو-سبتمبر ١٩٩١، ص١٠٨

[٣٨] عواطف عبدالرحمن :تجلیات التبعیة الاعلامیة في حرب الخلیج ، مجلة الدراسات الاعلامیة، العدد(٦٦)، المرکز العربي للدراسات الاعلامیة، القاهرة، ینایر_مارس١٩٩٢،ص٥١.

[٣٩] عبدالله محمد عبدالله:کاریکاتیر المشاهیر في أزمة الخلیج ،الدار المصریة للنشر والتوزیع، القاهرة،١٩٩٠،ص٢٥.

١- ئیدانەکردنی دەستدرێژی عێراق بۆ سەر کەنداو:-

ڕۆژنامەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر عێراق و، هەریەکە بە ئاراستە و بیروڕای جیاواز هەڵوێستی خۆیان دەردەبری، لە سەردێری لاپەڕەی هەواڵەکانیان، هەروەك ڕۆژنامەی (ألأخبار اليوم) کە لە زاری (ئیبراهیم سەعد)ە. دەڵێت:"شورەییە لە نێوان دوو وولاَتی عەرەبی هاوسنور دیاردەیەکی وا ڕووبدات، جێگەی سەرسوڕمانەو عێراق هەڵەیەکی گەورەی کرد بە داگیرکردنی کویت"[٤٠] ، هەروەها ڕۆژنامەی (ألأهرام) ئەو کارەی عێراقی ئیدانەکرد لەزمانی (ئیبراهیم نافیع) وە[٤١]، ئاماژەی بەوەداوە" کاری دەست درێژیکردنی عێراق بۆ سەر کوێت کارێکی تەواو ڕەتکراوەیە، مایەی قبوڵ کردن نیەو بەتەواوی هەموو پێوەرە بەرگرییەکانی بەزاند [٤٢].

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (الجمهورية) ئەو کارەی ئیدانە کرد بەناوی کەسایەتی ( حافز مەحمود)وە[٤٣]، دەڵێت:" ئەوەی سەرکردەکانی عێراق کردیان هەموو پێوەرەکانی سەرەوژێرکرد لەهەموو شەقامەکان "[٤٤].

ڕۆژنامەی (ألأهالي) زمان حاڵی حیزبی (تەجەموع) بوو، داگیرکردنی کوێتی ڕەتکردۆتەوە دەڵێت:" دەبێت عێراق دڵنیابێتەوە ئەمە دەست درێژیکردنە، ولأتێکی عەرەبی هێرش بکاتە سەر ولأتێکی عەرەبی ودراوسێ ی، گۆڕینی دەسەڵاتی حوکمرانی بە هێز مایەی قبوڵ کردن نیە، بەتەواوی ڕەتکراوەیەو هیچ هۆکارو پاساوێك نیە جا بەهەر شێوەیەك بێت"[٤٥].

هەروەها گۆڤاری (المصور) دەڵێت:"داگیرکردنی کەنداو دەستدرێژی کردنەو بە کارەساتێکی مەترسیدار دادەنرێت، دەبێت عێراق بەرپرسیارانە مامەڵە بکات و دەست هەڵبگرێت لەداگیرکردنی و داگیرکردنی زەوی کەسانی دیکە ڕەتکرایەوە"[٤٦].

یەکێکی تر لەگۆڤارەکانی میسر گۆڤاری (روز اليوسف) بوو، بەم شێوەیە باس لە داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە دەکات ودەڵێت:" ئەو کارە وەك ئەتك کردن وایە، کەبەهای نەتەوەیەکی تر بشکێنی لە پێناو ڕاگرتنی

---

[٤٠] صحيفة (الاخبار اليوم)، العدد(١٣٤٣٥) بتاريخ (٤/أب/١٩٩٠) ص١-٢.

[٤١](ئیبراهیم نافیع): یەکێکە لە ڕۆژنامەنوسەکانی میسر لە ( ١٢/کانون الپانی /١٩٣٤)، لە پارێزگای سوێس لە دایك بووە، لە سالی(١٩٥٦) بکالۆریۆسی لە زانکۆی عەین شەمس تەواو کردووە، بۆیە چەندین کاری کردوە، وەکو بێژەری رادیوو کاریکردوە لە ڕۆژنامەی ئەهرام لە بەشی ئابوری، وە دواتر بویتە سەرۆکی بەشی ئیدارە لە سالی(١٩٧٩) بەهۆی زیرکی لیهاتووی خۆی بۆتە سەرنوسەی ڕۆژنامەی الاهرام لە سالی (١٩٨٤) هەتا ئیستا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابراهيم نافع: في الحب والحياة، مركز ألأهرام، القاهرة، ١٩٩٧،ص٤.

(٤٢) صحيفة ( الاهرام، العدد(٣٧٨٦٠)، بتاريخ (٤/ أب/١٩٩٠) ص ١،٨.

(٤٣) حافظ مەحمود: نوسەرو ڕۆنامەنوس وچالاکوانی نیشتیمانی میسری، لە سالی (١٩٠٧) لە قاهیرە لە دایك بووە، خوێندنی لە کولیژی ئاداب بەشی ئابوری تەواوکردووە. لە میسر پێی وتراوە بچوکترین سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الجمهويە، لەلایەکی ترەوە سەرنوسەری ڕۆژنامەی (سرخه) بوو چالاکی زۆری هەبووە، لە بوارەکانی ئازادی، بۆیە بە کەسێکی نیشتیمان پەروەر ناسرابوو لە ئینتمای نەتەوایەتی، هەروەها سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی دامەزراندوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الأمير المليجي: تاريخ نقابة الصحفيين، مؤسسة التضامن العربي، القاهرة، ١٩٩٩،ص٦.

(٤٤)صحيفة الجمهورية،العدد(٢٤٥٤٢) بتاريخ ١٩٩٠/٨/٢٧.

(٤٥)صحيفة ( الأهالي):العدد(٣٤٥٦٣)،بتاريخ (١٥/ أب/ ١٩٩٠)، مصر،ص١.

(٤٦) ابراهيم سعدالدين: حرب الخليج الثاني، مجلة (المصور) العد(١٣٥)، القاهرة، (١٠/أب/١٩٩٠)، ص٢٥.

هێزی ناوچەکە"[٤٧]. بەم شێوەیە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەگۆڤاری حیزبیشەوە لەسەر ئەوە هاوڕابوون، ئیدانەی ئەم دەست درێژیکردنەی عیراق بۆسەر کەنداو بکەن. هەروەها یەکێك لە ڕۆژنامە حیزبیەکان دەنوسێت دەڵێت:"حکومەتی عێراق هەڵەی کرد لە دەستدرێژی کردنە سەر وولاتی کوێت ، پێویستە ئیدانە بکرێت، نابێت عێراق بیانوو بێنێتەوە بەوەی کە کوێت دەستی بەسەر بیرەنەوتیەکانی عێراق داگرتووە، چونکە کوێت خۆی وولاتیکی پڕ لە نەوتە، هەروەها کوێتیش هەڵەی کرد لە دابەزینی نرخی نەوت، چونکە ڕۆڵی هەبوولە زیانگەیاندن بە ئابوری عێراق[٤٨]، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی میسر داگیرکردنی کوێتیان ڕتکردۆتەوەو بە تاوانیان زانیوە.

٢- تۆمارکردنی تاوانەکانی حکومەتی عێراق لە کوێت:

زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی میسر، گرنگیان بە تۆمارکردنی تاوانەکانی عێراق لە کوێت دەدا، هەوڵیان دەدا کردەوەکانی حکومەتی عێراقی بۆ دەوڵەتان ڕوون بکەنەوە. بایەخیان بە زەق کردنەوەی تاوانەکان دەدا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەم میسرو هەم هێزەکانی هاوپەیمانان خۆیان بە خاوەن کێشەکە بزانن و دەست بخەنە کاروباری ئەم پرسەو لە ڕۆژنامەکان کەیسەکانی سەدام بلاَودەکرایەوەو وەك تاوانبار ناویان دەبرد، تاوانەکانی پێش داگیرکردنی کوێتیشیان نوێ کردەوە، کە بریتی بوون لە ڕاپۆرتی شاراوەو وتارەکانی ئەم کەسایەتیە، کە بوونە بابەتی ڕۆژنامەوانی ئەم قۆناغە. هەروەها ڕۆژنامەی ( ألاخبارالیوم)، هاتووە تاوانەکانی سەدامی بە هەمان شێوەی تاوانی دیکتاتۆرەکانی وەکو (هیتلەرو مۆسلین و هۆلاکۆ) وەسف کردبووە [٤٩].

هەروەها ڕۆژنامەی( ألأهرام)یش هەستا بەکارکردن و کردنەوەی دۆسیەی تاوانەکانی پێشووی سەدام، هەروەك(ئیبراهیم نافع) سەرنوسەری ڕۆژنامەکە دەڵێت:" سەدام حوسێن هەستا بە پێشێل کردنی ماڧ مرۆڤ لە عێراق و بێ بەزەییانە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەی عێراقی کردوەو دەستی بە تیرۆرکردنی کەسایەتی سیاسیەکان کردووە، دواتر هەستاوە بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان و وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان و سڕینەوەی نەتەوەی کورد لە عێراق، لەلایەکی ترەوە دەستیکرد بە لەناوبردنی هەموو دەنگە ئازادەکان و بەرەی ئۆپۆزسیۆن"[٥٠] .

لەکاتێکدا ڕۆژنامەی (ألأهالي) تیشکی خستەر تاوانەکانی سەدام، کە لەکوێت ئەنجامیدابوو کە لەسەر زمانی (ئیبراهیم سەعدەدین)وە باسی لێوەکردوەو دەڵێت:"دەستدرێژیکەرانی سەر کوێت دەستیان کردووە بە تالاَن کردن ودزیکردن، هاوشێوەی داگیرکەرانی سەردەمانی پێشووتر"[٥١].

گۆڤاری (ڕۆژ یوسف)یش تاوانەکانی سەدام لە کوێت بە تاوانەکانی ئیسرائیل دەچوێنێت، کە دژی فەلەستین ئەنجامی دەدا، لەراپۆرتێك لە گۆڤاری (روزالیوسف) دا دەڵێت:"ئیسرائیل هەرچی کردی بەرامبەر فەلەستین لە تیرۆرو لەناوبردن ئەنجامیدا، وە سەدامیش هەمان شتی کرد دژ بە خەڵکی کوێت لە تاوانکاری"[٥٢].

---

(٤٧)محمد يوسف زايد: مجلس الأمن الدولي يعتمد القرار ٦٦٩، مجلة (روز اليوسف) العدد( ١٢٢) القاهرة، (٢٤/ايلول/١٩٩٠)ص١٩.

(٤٨) عواطف عبد الرحمن: م.س،ص٥١.

(٤٩) صحيفة (الاخبار يوم) ،العدد(٢٤٥٢٥)،القاهرة، بتاريخ (١١/أب/١٩٩٠)،ص٨.

(٥٠)،صحيفة (الأهرام ،العدد(٣٧٨٨٠)القاهرة، بتاريخ (٢٤/أب/١٩٩٠)،ص١.

(٥١)صحيفة (الأهالي) ،(٣٤٥٦٧)،القاهرة، بتاريخ (١٩/أب/١٩٩٠)،ص١-٦.

(٥٢)جمال سليم: حرب الخليج الثانية، مجلة (روز اليوسف)، *العدد( ١٢٣)* القاهرة،(١٠/ئيلول/١٩٩٠)،ص١٥.

گۆڤاری (صباح الخير) لەزمانی (مفيد فوزى) [٥٣]نوسیوەیەتی"ئەو کردوو ئەو تاوانانەی سەدام کردی لە سەرووی تاوانەکانی (هیتلرو مۆسۆلین وستالین)وەیە[٥٤].

هەروەها گۆڤاری (المصور) دەربارەی تاوانەکانی حیزبی بەعس وسەدام حوسینی سەرکردە، ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت:" بەشێکی زۆر خەڵکی عێراق لە سیدارەدران، تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، لاشەی مرۆڤەکانی پالأوتووە، هەروەها سەدام حوسین مامۆستای هەموو تاوانەکانە، چونکە چەندین گەنجی بێتاوانی لەناوبردووە، هەوڵی لەناوبردنی سنورەکانیداوەو لەناوچەی هەڵەبجە کۆمەڵکوژی دژی کوردەکان ئەنجامداوە" [٥٥].

ئەوەی پەیوەندی بە چارەسەریەکان وتاوانەکانی حکومەتی عێراقەوە هەیە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان، لەو تێبینیانە جێی کراوەتەوە:-

یەکەم: ڕاگەیاندنی میسری زۆرجار زانیاریەکانیانی دەشاردەوە، لایەنگری لایەنێکی دیاریکراوی دەکردو بێ دەنگی لە بەرامبەر لایەنەکەی دەکرد کە هەڵسوکەوتی خراپی بەرامبەر گەلی عێراق دەنواند، بۆیە ڕاگەیاندنی میسری پەیوەندیەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی سیاسی میسری. واتە ڕاگەیاندنی میسری بی لایەن نەبوو لە شرۆڤەکردنی ڕوداوەکان. دەبوایە رۆژنامەگەری بێ لایەنانە مامەڵەی بکردایەو ڕاست ودروستی ودادپەروەری تێدابوایە لە گەیاندنی ڕوداوەکان، چونکە پیشەی رۆژنامەوانی پشەیەکی هەستیارە، بۆیە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان کۆمەڵگەوکاری ڕۆژنامەنوسی.

دووەم: ڕۆژنامەکانی میسر شوێن کەوتەی ڕژێمی سیاسی بوون چونکە ئەوەی دەسەڵات پشتگیری دەکرد ئەوا رۆژنامەکان پشتگیریان دەکرد، ئەوەی حکومەت ئیدانەی دەکرد دەبوایە ڕۆژنامەکانیش ئیدانەی بکەن، هەر ئەوەشبوو ڕوویدا لەگەل عێراق، کە لەپێشتر حکومەتی میسر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ عێراق هەبوو، جاری واهەبوو ڕۆژنامەکانی میسر دەکەوتنە پیاهەڵدان بەسەدام حوسین، بەلأم کاتێك حکومەتی میسری بڕیاریدا بچێتە پاڵ ( سعودیەو ئەمریکاو بەرەی هاوپەیمانانەوە)، بۆ دروستکردنی شەرعیەتێکی عەرەبی لە گواستنەوەی سەربازی ئەمریکی بۆکەنداو، ڕۆژنامەکان پێیان ئاسایی بوو، ئەوەش لەوەدەرکەوت کە کە بەخێرایی هەڵوێستی رۆژنامەو حکومەتی میسری گۆری بەبێ وەرگرتنی ڕای گشتی[٥٦]. ئەوەش پاڵی بە نوسەران وتوێژەرانەوە نا، ڕاگەیاندنی میسری بە ڕاگەیاندنی کودەتای بزانن، بەو مانایەی ڕاگەیاندنی میسری لەناکاو گۆرانکاری بەسەرهەڵوێستی دەهات. لەوکاتەدا ڕاگەیاندنی میسری ڕۆڵێکی نەرێنی هەبوو، بۆیە هەندێ توێژەر پێی دەڵێن:" هێرشی هەڵگەرانەوە"، هەروەها هەندێ لە لێکۆڵەران هێرشی توندیان کردە سەر حکومەتی عێراقی و دەیانووت " پێویستە کۆتایی بە حکومەتی عێراق بێت، چونکە بەردەوام مافی کوردەکانی پێشل کردووە، بە تایبەتی

[٥٣] مفيد فوزی سەعد: لە (١٩/یۆنیۆی /١٩٣٣) لەپارێزگای بەنهای میسر لەدایکبووە، رۆژنامەنوسێکی سەرکەوتووبووە، بۆیە نازناوی پیاوی گفتوگۆی لێنرابو. هەروەها دەرچووی بەشی ئینگلیزیە لە کۆلیجی ئاداب زانکۆی قاهێرە، کاری کردووە لە هەموو رۆژنامەو تەلەفیزیۆنە جیاجیاکاندا ، لە هەمان کاتدا کاری پێشکەشکاری کردووە لە تەلفیزۆنی میسری و گۆڤاری (سەباح ئەلخەیر). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مفيد فوزی: كلام مفيد–رؤى حياتية ، الهيئة العامة لقصور الثقافة ، القاهرة ، ٢٠١٠، ص٥-٧.

[٥٤] مفيد فوزي: حرب الكارثة، مجلة (صباخ الخير)، العدد(١٨٠)القاهرة،(٢٤/كانون الثاني/١٩٩١)،ص١٢.

[٥٥] عدنان مسلّم: عشية اندلاع أزمة الخليج وحرب الخليج الثاني ١٩٩١،مجلة (مصور)،العدد(٢٤٠) كلية العلوم الإنسانية جامعة بيت لحم،القاهرة،١٩٩١،ص٢٢.

[٥٦] عواطف عبد الرحمن: م.س، ص٥١.

کوردەکانی هەڵەبجە[57]، کاتێ کە وێنەکان نیشاندەدران، کە چۆن فرۆکە عێراقیەکان گازی ژەهراویان بەسەر هاووڵاتیانی مەدەنی ئەم شارە دادەکرد، هەروەها هەندی لە توێژەران هەڵویستیان هەبوو:"دەڵێن ئاخۆ بۆچی رۆژنامەنوسان و رۆژنامەکان بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە، دەبوو کاردانەوەی خێرامان هەبێ، چونکە ئێمە ئەندامین و هاوپەیمانین لەگەڵ سەدام حوسێن لە (ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی)، بۆیە هەڵوێستمان نەبوو لە بەرامبەر ئەم رووداوە"[58].

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەندێ لە رۆژنامەکان بە مەبەستی مانەوە و پارێزگاریکردن لە درێژەدان بە کاری خۆیان، هەمیشە زانیاری گرنگ دەشارنەوەو شوێنکەوتەی دەسەڵاتی حوکمڕانی میسری بوون.

سێیەم: ڕاگەیاندنی میسری هەوڵیدا ڕاگەیاندنی ئەمریکی بە ئاراستەیەکی تر ببات، دیارترین نموونەش، ڕاگەیاندنی ئەمریکی زۆر بایەخی بە بابەتەکانی کوردەکان و دڕندەیی ڕەفتارەکانی سەدام دەدا، تا ڕای گشتی بجوڵێنێت و دەست تێوەردانی سەربازی لە کەنداو بکات [59].

٣- بانگەشەی عێراقی بەئەگەری هەبوونی کودەتا یان حکومەتی شۆڕشگێڕی لە کوێت:

بیانووی سەرەکی هێرشکردنی عێراق بۆ کوێت ئەوەبوو کە لە کوێت حکومەتی تایەفەگەری هێرشی کردۆتە سەر حکومەتی عێراقیش لە پێناو پاراستنی دیموکراتیەت ئەو هێرشەی کردووە.

ڕۆژنامەی (ألاهالي) لە زمانی ( ئیبراهیم سەعددین)ەوە دەڵێت:"نابێت خۆمان ڕادەستی بانگەشەکانی عێراق بکەین، کە گوایە لەناو کوێت کودەتا ڕویداوە، سەدام حوسێن لە هەوڵی ئەوە دایە پاڵپشتی شۆڕشگێرانی ناو کوێت بکات لە پێناوی دەست بەسەر داگرتنی خۆی" [60].

هەروەها ڕۆژنامەی( الوفد) ئاماژەی بەوەکردووەو دەڵێت:"پێویستە گەلی کوێت هەڵبژاردن بکات پێویست بەوە ناکات عێراق دەستتێوەردانی تێدا بکات بۆ لەناوبردنی سیستەمی حکومڕانی شەرعی چەك بەکاربهێنی"[61].

گۆڤاری( روز اليوسف) ئەم بانگەشەیەی ڕەتکردەوە دەڵێت:"ئەو لێدوانانەی عێراق زۆر نیشانەی سەرسوڕمان دروست دەکات، گەر دەڵێت: جەنگەکە بۆ پشتگیری شۆرشی رزگاری کردن بوو، ئەی بۆ هیچ یەکێك لە ئەندامانی بەرەی ناوخۆی کوێت بەشداری ئەو حکومەتە نەناسراوەی نەکرد"[62].

هەر لەم کاتەدا گۆڤاری ( اخر الساعة) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:" هۆکارەکان و بیانوەکان هەرچۆنێك بیت لە دیدی عێراقەوە، ئەوا تەنها خۆپەڕینەوەیە بۆ تێکدان و بێ ڕێزیکردنە بەرامبەر بە دەوڵەتە عەرەبیەکانە

---

[57] Ray E. Weisenborn: Media in the Midst of War: The Gulf War from Cairo to the Global Village, Adham Center,Cairo, 1992, P52.

[58] نيفين مسعد: صحافة المعارضة المصرية والأزمة، مجلة (الدراسات الاعلامية)، العدد (٦٤)، المركز العربى للدراسات الاعلامية، القاهرة، (تموز _أيلول ١٩٩٠)، ص ٩٩-١٠٠.

[59] هويدا سيد مصطفى: التناول الاخبارى للقضايا والشئون الاخبارية فى التلفزيون المصرى- دراسة تطبيقية على أزمة الخليج، رسالة دكتوراه، كلية الاعلام،القاهرة، ١٩٩٤،ص٦٠.

[60] صحيفة (الاهالي)،القاهرة،العدد(٣٤٥٦٣) بتاريخ (١٥/أب/١٩٩٠)ص١.

[61] صحيفة (الوفد)،القاهرة،( ٢٤٥١٢)بتاريخ ١٥/أب/١٩٩٠)، ص١.

[62] أحمد حمروش:حرب الخليج،مجلة (روز اليوسف) ،(١٢٢)مؤسسة روز يوسف، القاهرة،(١٥/تشرين الاول/١٩٩٠) ص٧.

چونکه سەدام حوسێن هەوڵیدا سەربەخۆی کوێت و دراوسێیتی نێوانیان بە زەبری هێز تیکبدات، ئەوەش هەرگیز جیگای قبول نیە"[٦٣].

لەلایەکی ترەوە تاکە ڕۆژنامە لە میسر ئەمەی قبوڵبوو ڕۆژنامەی ( الشعب) بوو کە زمان حاڵی حیزبی کرێکاران بوو تاك لایەنانە بیری دەکردەوە، بۆیە زۆر لای ئاسایی بوو عێراق کوێت داگیر بکات، دەڵێت:" کشانەوەی عێراق دەبێت بەراپرسی گەل بێت بۆیە گەل بریارِ لە چارەنوسی خۆی دەدات"[٦٤].

٤- **بانگەشەی عێراق بەمافی مێژووی لە کوێت:-**

بەردەوام عێراق پاساوی دەهێنایەوە بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی کویت، بەوەی کە مافی مێژوویی لە کوێت هەیەو بەبەشێك لە عێراقی دەزانی، بۆیە سەدام حوسێن دەیووت:"پێویستە ئەو بەشەی عێراق وەك خۆی بگەڕێتەوە کە مافی هەموو گەلی عێراقە"، ئەو ووتەیەی سەدام بەرزکرایەوە لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە، وەك وەلامێکی کاریگەر بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.

ڕۆژنامەی (ألاهرام) لە زمانی (ئیبراهیم نافع )وە ئیدانەی ئەم کارەی عێراقی کردو دەڵێت:" جێگای مەترسیە ئەو جۆرە بیرکردنەوەی عێراق، ئەوە ناکۆکی دروستدەکات لەسەر گۆی زەوی و دەپرسێت: کێ دەڵێت کوێت بەشێکە لە عێراق ئایا مافی هەر کەسێکە کە وولاتی دراوسێی لە ژێر ئالای مێژووی کۆن بەبەشێك لە وولاتەکەی بزانێت؟"[٦٥].

ڕۆژنامەی (الجمهورية) لەزمانی (حافظ مەحمود)ە وە ئاماژەی بەوە کردوە:" ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەتەواوی رەتکراوەیەوە، عێراق باشدەزانێت کە کوێت هەرگیز خاکی عێراقی نەبووە، وە باش دەزانێت حکومەتی عێراقی بە فەرمی سنوری دیاریکردووە وەك لە بەڵگەنامەی فەرمی جێگرکراوە"[٦٦].

ڕۆژنامەی ( الوفد) لەزمانی ( جمال بدوی)یەوە دەڵێت:"سەدام حوسێن مافی مێژوویی پێشێل دەکات، وادەکات ناوچەکە وەك بیرکردنەوەی سەهیۆنی بێت، ئێ چۆن رازی دەبێت لە خۆی کە جولەکە وا لە فەلەستین دەکات؟"[٦٧].

هەروەها گۆڤاری ( أكتوبر) لە زمانی (عبدالعظيم رمضان)ە وە ڕەتیکردەوە کە کوێت خاکی عێراق بێت دەڵێت:" ئەمە تەنها بانگەشەیەکی بێ بنەمایە کە ڕژێمی عێراقی باسی لێوەدەکات، بۆخۆ ڕزگارکردنە لەو تاوانانەی کە لە داگیرکردنی دەوڵەتی کوێتدا ئەنجامی داوە"[٦٨].

ڕۆژنامەی ( الشعب) زمان حاڵی حیزبی کرێکاران، ڕای خۆی دەربری لەوەی کە باوەری بە دادپەروەری هەیە. لەو هۆکارانەی عێراق پێشکەشی کردووە بۆ سەلماندن و بێ تاوانی لەجەنگی کوێتدا، لە کاتێکدا گرنگی هۆکاری

[٦٣] محمد وجدی قنديل:حرب الخليج، مجلة (أخر ساعة )،(١٧٣)مؤسسة الاخبار، القاهرة،( ٨/أب/١٩٩٠)،ص١٠.

[٦٤] صحيفة ( الشعب) ،القاهرة، العدد(١١٣٤٥) بتاريخ(٢١/أب/١٩٩٠)ص٦.

[٦٥] صحيفة (الاهرام) :العدد(٣٧٨٨١)،بتاريخ (٢٥/أب/١٩٩٠) ،ص١-٦.

[٦٦] صحيفة (الجمهورية) :العدد(١٣٥٠٠) ،بتاريخ(٢١/أب/١٩٩٠)ص٦.

[٦٧] صحيفة ( الوفد): العدد(٢٤٥١٢)، بتاريخ١٥/أب/١٩٩٠)،ص٦.

[٦٨] عبدالعظيم رمضان :الغزو البعثي الصدامي العراقي على الكويت،مجلة اكتوبر ،العدد(٢٢١)،مجلة سياسية عربية الاجتماعية،دار المعارف، القاهرة،(٢١/أب/١٩٩٠)ص٢٠.

ئـابوری وجـوگرافى و پێناسـه کـردووه، عێـراق لێیـدەخورێت بـۆ خۆپەرینـەوەی لـه جـەنگی دووەمـی کەنداوئەمـە شتێکی قبولْ نەکراوه[٦٩].

**بابەتی دووەم: ڕۆڵی میدیاکانی میسر له شرۆڤەکردنی جەنگی کەنداوی دووەم:-**

کەناڵـه ئاسمانیـەکانی میسـر ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـه گواسـتنەوەی ڕوداوەکـانی جـەنگی دووەمـی کەنـداو گێـڕا، ئـەوەش بـەهۆی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێوانیـان لەگـەڵ دەوڵـەتی بـەحرەین، لـەو ماوەیـەدا کەناڵـه ئاسمانیـەکانی میسر بەباشی کەوتنه کار بۆ پەخش کردن و ڕێکخستن وگواسـتنەوەی هەواڵـەکان و، دووبـاره پەخشـکردنەوەی لـه بـەهێزترین کـەناڵی تەلـەفزیۆنی بـەحرێنی، بەشـێوەیەك کـه هـەموو ناوچـەی کەنـداویان ڕومـاڵ دەکـردو هـەموو بەرنامەکان بۆ ڕوماڵ کردنی ئەم جەنگەبوو.

کۆمەڵێك بنکەی ناردن دانرا، بۆ ناردنی پەیامێروکەناڵی ڕاگەیاندن بۆ ناوچەی (حفر البـاطن) [٧٠]، لـه ڕێگـەی (میرنشـینی شـاریقه)وه ، بـۆ دووبـاره پەخشـکردنەوەی هەواڵـەکان و زیـاتر گرنگیـدان، ئەمـەش بـه دەسـتکەوتێکی گرنگ دادەنرێ بۆ میسر چونکه ئەم ناوچەیه نزیك بوو لەگواستنەوەی ڕوداوەکان[٧١].

پاشـان سیسـتەمی زیـاتر لـه کەناڵـەکانی تەلـەفزیۆنی میسـری جێبـەجێکرا. کـه لـەو ماوەیـه زیـاتر لـه (٩٠) وێسـتگەی تەلـەفزیۆنی لـه بـواری گەیانـدن وتەکنـەلۆجیادا لـه میسـر دانـرا ، بۆئـەوەی لـەکاتی گواسـتنەوەی ڕووداوەکان بۆ کەناڵه ئاسمانیەکان هیچ کیشەیەکی تـەکنیکی ڕوونـەدات. هـەروەها دروسـتبوونی تـۆری ( ناوەنـدی هـەواڵی تەلـەفزیۆنی) لـه ڕێگـەی تەلەفزیۆنـە جیهانیەکانـەوە، لـەم ناوەنـده تەلەفزیۆنـەکان پارێزگـاری لـه گواسـتنەوەی هەواڵـەکان دەکـەن و خۆیـان دەپاراسـت لـه هەنـدێ کێشـەی نێودەوڵـەتی، بۆیـە هەڵدەسـتان بـه گواستنەوەو پێشرەوییەکانی ئەم جەنگه[٧٢] هـەروەکو تـۆری پەیوەنـدی تەلـەفزیۆنی نیودەوڵـەتی تلکس لـه نـاوەوە ریکخراوبـوو بـۆ ئاسـانکاری لـه پەیوەندیـە راسـتەخۆکانی دەوڵـەتانی بەشـداربوو. ژمـارەی ئـەو وێسـتیگانەی کـه دانرابوون (٦) وێستیگەی نیودەوڵەتی بوون. بۆیه بەشداری میسر لـەم جەنگـەدا وایکـرد گۆرانکـاری لـه نەخشـەی میدیاکانی میسر رووبـدات، بـەوەی کۆمەڵگـەی میسـری بەسـەر دوو بـەره دابەشـکرد، هەنـدیکیان لایـەنگری بـوون هەنـدێکی تـر دژی بـوون. هـەروەها میـدیاکانی میسـر زۆر گرنگیـان بـەو کیشـەیە دەداو بەشـێوەیەکی وورد هەواڵـەکانیان لەبـەرەکانی جـەنگ ڕومـاڵ دەکـرد، هەڵدەسـتان بـه گواسـتنەوەیان بـۆ نـاو کۆمەڵگـەی میسـری ودەوڵەتانی عەرەبی و نیودەوڵەتی[٧٣].

---

[٦٩] صحيفة ( الشعب) ،العدد(١١٣٤٥ )، بتاريخ(٢١/أب/١٩٩٠)ص١.

[٧٠] حفر الباطن: یەکێك له پارێزگا گەورەکانی سعودیه، لەرووی جوگرافیەوه سەر بە ناوچەی میرنشینی رۆژهەلاتـه کـه، دەکەوێتـه باکوری رۆژهەلاتی سعودیەوه، ئەم شاره لەجەنگی دووەمی کەنداو رۆڵیکی گەورەی بـینی بـۆ بـەرەی هاوپـەیمانان بەتایبـەتی لـەکاتی گواستنەوەی سەربازەکان بۆ کویت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه.حمد الجاسر: المعجم الجغرافي للـبلاد العربيـة السعودية،المنطقة الشـرقية، السعودية،١٩٧٩،ص٥-١٠.

[٧١] عبد الفتاح إبراهيم عبد النبى: أزمـة الخلـيج ومصـداقية ألاعـلام المصـري، مجلـة الدراسـات الاعلاميـة، عـدد( ٦٣) ، المركـز العربـى للدراسات الاعلامية، القاهرة( نيسان _حوزيران ١٩٩١)، ص٢٧.

[٧٢] م.ن،ص٢٧.

[٧٣] هويدا سيد مصطفى: م.س ،ص١٦٩.

لەلایەکی ترەوە پشت بەسترا بە ستراتیژیەتی میدیایی گشتی وەك (ڕادیوو تەلەفزیۆنەکان) ی میسر پەیرەویان کرد.کە گرنگترین تایبەتمەندیەکان بریتیبوو لەمانە:-

١- هەڵچوونێکی زۆر لە میدیای میسری رویدا چونکە پەخشی هەواڵی میسری نادیاربوو، بۆیە کات وساتی نەبوو بۆ پەخش کردنی هەواڵەکان. ئەمەش وادەخوازێت سەری زمان و بنی زمانی تەلەفزیۆنەکانی میسر هەواڵی جەنگی دووەمی کەنداوبێت.

٢- لیدوانەکان بەردەوام بوون بۆ قسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم جەنگە، بۆیە ژووری کارکردن پێکهێرانبوو بۆ بەرێوەبردنی کیشەکە .

٣- گۆرانکاری بەسەر نەخشەی بەرنامەکان هاتبوو لەناو تەلەفزیۆنەکان، ئەمەش وایکردبوو لەگەڵ باری دەروونی هاوولاتی میسری و عەرەبی بگونجێ.

٤- پێداچوونەوە بەشێوەی ڕوومالێکردنی هەوالەکان، بەشێوەیەك کە بەرنامەکان لاوازی زۆری پێوەدیاربوو بۆ بەرنامە گشتیەکان، هەروەك رادیۆیی (دەنگی عەرەبی) گۆردرا بۆ رادیۆی سیاسی بەتەواوی دووربوو لە هەموو دەنگێکی میدیایی تر[٧٤].

لەراستیدا گەیاندنی هەواڵەکان لە ماوەی بیست وچوار کاتژمێردا بەردەوام بوو، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزاو پسپۆرانی میدیایی میسری هەوڵیاندەدا گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکان بکەن و ڕای گشتی و دەوڵەتان عەرەبی بجولێنن، پێیان وابوو ئەمە نە کێشەیەکی ناوخۆییە یا هەرێمایەتی، بەڵکو کێشەیەکی نەتەوایەتیەو پێویستی بە چارەسەرکردنێکی نەتەوەیی هەیە. بۆیە ڕاگەیاندکارە میسریەکان هاتبوونە سەر شەقامەکان وکامیراو مایکرۆفۆنەکانیان بەکاردەهێنا هەوڵی گواستنەوەی رووداوەکانی ئەم جەنگەیان دەدا، بۆ ئەوەی ڕای گەل وشەقام بجولێنن و بازنەی گفتوگۆکان فراوانتر بکەن[٧٥].

هەروەها هاندانی تۆری پەیامێری رادیۆو تەلەفیزۆنەکان لە سعودیە کە تایبەت بوون بە سێ بابەت لە سێ ناوچە ئەوانیش بریتین لە ناوچەی( جەدەو ریازو سنوری کوێت وسعودیە). لەهەمان کاتدا هەڵسان بە پاداشت کردنی جۆرێك لە رادیۆو تەلەفیزۆنەکان بۆ پیشاندان و چاودێریکردنی جەنگی کەنداو، لەئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پەیامنێران لە هەمووو ناوچەکانی جیهان هاتبوون لەوانە(ئەمریکا،ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، نەمسا، مۆسکۆ،چین، یابان، تورکیا، کوریا، ئیماراتی عەرەبی، عەمان، قەتەر، بەحرێن، سوریا، سعودیە)، دواتر توانرا یەکێیەتێکی پەیامنێران دروستبێ لە پەیامنێری رادیۆو تەلەفزیۆنەکان کە ژمارەیان بیست پەیامنێر بوو[٧٦].

بەشداریکردنی میسر لەجەنگی دووەمی کەنداو وایکرد کە نەخشەی رادیۆکان وکەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش گۆرانکاری بەسەر دابێت، بەئاراستەیەك بڕوات کە ڕای دەنگی گەلی میسر زیاتربێت لەم قەیرانە، ڕاگەیاندن ناسرابوو بە ئامێری سیاسی میسری، بۆیە لەم ڕووەوە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو ڕاگەیاندنی میسری بەسترابوو بە سیاسەت و هەڵویست ودیدگای سەرکردە سیاسیەکانەوە، دەربارەی ڕوداوەکان و لێکەوتەکانی دەرەوە

---

[٧٤]عبد الفتاح ابراهيم عبد النبى: م.س، ص٢٧.

[٧٥] شاهيناز محمود بسيونى: دور الاذاعات العربية فى التعبير عن التوجه القومى إثر انتهاء حرب الخليج، مجلة الفكر الاستراتيجى العربى، العدد (١١٠)، بيروت، (تشرين الأول ١٩٩١)، ص ٤٩ -٥٠.

[٧٦]هويدا سيد مصطفى: م.س ،ص١١١.

بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە میسرو ڕۆژئاواو ململانێی نێوان ئیسرائیل و عەرەبی و مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی گەورەدا هەبوو [٧٧].

ئەگەر ئازادی بە میدیایی میسری بدرایە بە ڕەخنەگرتن لەهەندێ سیاسەتمەدارانی ناوخۆ، بەتایبەتی لە ماوەی حکومڕانییە یەك لەدوایەکەکانی، ئەوا بارودۆخەکە زۆرجیاواز دەبوو، چونکە هەمیشە سەرکردە سیاسیەکان وا دەردەکەوتن هەستیاری زیاد لە پێویست لێ نەبوردنیان هەبوو دەربارەی هەموو هەوڵێکی دەزگای میدیایی. لەلایەکی ترەوە ئەوکاتە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان دەسەڵات و ڕاگەیاندنی میسری هەبوو، بۆیە ئەمەش بەرەو یەکگرتنی بردوون، وادەبینرا وەڵامی میدیا بەشێکە لە سیستەمی (بیرۆکراتی) میسر وەك چۆن فەرمانبەرێکی حکومی دەیەوێت دڵنیابێتەوە لە کارەکەی و چاوەڕێی پلە بەرزکردنەوەی دەکات ڕاگەیاندنی میسریش هەمان هەڵوێستی دەنواند [٧٨].

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی سیاسی ئەوکاتەی میسر هەوڵی دەدا ڕاگەیاندنەکان لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ ڕاگەیاندن و ووتارەکان لەگەڵ سیاسەتە دەرکییەکانی میسر بگونجێنێ، بۆیە لەکاتی ڕوودانی جەنگی دووەمی کەنداو زۆربەی ڕاگەیاندنەکان و پەیامنێران پشتیان بە لێدوانی سەرکردە سیاسیەکانی بەرەی جەنگ دەبەست و لێدوانی ئەوانیان دەکردە سەردێڕی هەواڵەکانیان. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕاگەیاندنی گشتی میسر وادەکات بە شێوەیەکی بینراو بیستراو لە ژێر سەرپەرشتی و کاریگەری حکومەتی ئەوکاتەی میسر دابێت [٧٩].

ڕاگەیاندنی میسری بەشێوەیەك خۆی نیشان دەدا کە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا لەناوەوەو دەرەوە بە ئاراستەی هەڵوێستی سەرکردە سیاسیەکانی میسر دەجوڵایەوە. ئەمەش وایکردبوو کە تێکەڵاو بوون ڕووبدات لە نێوان میدیاکاران و توێژەران بەیەك ئاراستە بەرامبەر ڕووداوەکانی دەرەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ڕاگەیاندنەکانی میسری بۆ کێشەکانی دەرەوە هەمان تێڕوانینی دەسەڵاتدارانیان هەیە. کەواتە بە ئاراستەی یەکتر کاریان دەکرد لە بەرژەوەندی دەوڵەت ڕاگەیاندنەکانیان بەکاردەهێنا. بەڵام ئەم تێکەڵاوبوونەی ڕاگەیاندنەکان وایکرد بەچاوێکی گاڵتەجاری سەیری ڕۆژنامە وتەلەفزیۆن و رادیۆکان بکرێت لە پێناوی خزمەتکردنی دەسەڵات، بۆیە وانیشاندرا ڕاگەیاندنەکانی میسر تێکچووە وەکو چیرۆك و ڕیوایەت بابەتەکانی سەیر دەکرا[٨٠].

لێرەدا پەیامنێرانی میسر سەرەنجدان و ڕومالیان یەك لایەن بوو، لە کێشەی دووەمی کەنداو هەستان و لێکۆڵینەوەیان لەسەرکرد، بینیان لایەنەکانی تریان فەرامۆش کردوە. ئەم لایەنەش کێشەی سنور بوو لەگەڵ کوێت، دواتر دەرکەوت بەپێی هەندێ لە سەرچاوە ئەمریکیەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە گوایە ئەمریکا کوێتی بەکارهێناوە لە دژی عێراق بەبەکارهێنانی لایەنی ئابوری، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران لە (٨/أب/١٩٨٨) لەوکاتەدا بەرهەمی نەوت گۆڕانکاری بەسەر داهات و نرخی دابەزی لە(٢١ دۆلارەوە بۆ ١١) دۆلار[٨١].

[٧٧] عبد الفتاح ابراهیم عبد النبی: م.س، ص٢٤.

[٧٨] شاهیناز محمود بسیونی: م.س،ص٥٢.

[٧٩] هویدا سید مصطفی، م.س،ص٥٦.

[٨٠] بسیونی حمادة:دور وسائل الاتصال المصرية فی صناعة القرارات- دراسة تطبيقية علی صانعی القرار فی مصر، رسالة دكتوراه، كلية الاعلام،جامعة القاهرة، القاهرة،١٩٩١، ص ١٣٢.

[٨١] عبد الفتاح ابراهیم عبد النبی: م.س، ص٢٥.

ئەمەش وایکرد کە عێراق زەرەرو زیانێکی زۆری ئابوری بەربکەوێت. لێردا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمریکا هۆکاری خراپ بووونی ئابوری عێراقی بە هەڵزانیوە، لەدوای جەنگی هەشت ساڵە، بۆیە دەڵێن کوێت وەکوو بوکەڵە وابوو بەدەست ئەمریکاوە بەکاری دەهێنا دژی عێراق.

چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ جەنگی دووەمی کەنداو لەسەرەتای داگیرکردنی کوێتەوە تا کۆتایی جەنگەکە بە شێوەی ( بینراو بیستراو):-

دەتوانین هەندی لایەنی ئەرێنی ونەرێنی ڕاگەیاندنەکانی میسر لە جەنگی دووەمی کەنداو بخەینەڕوو:

١- دەزگاکانی ڕاگەیاندنی میسر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە گەیاندنی ڕووداوەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی میسری، کاریگەری خێراو بەپەلەیان لەسەر ڕای گشتی میسری دروست کرد، بۆ ڕووداوەکانی ئەو کیشەیە، بە تایبەتی لە سەرەتای جەنگەکە. ئەو کاریگەریەش بە ئاراستەی لایەنگرانەوە بۆ دژایەتی کردنی عێراق دەرکەوت[٨٢].

٢- ڕاگەیاندنی میسر هەموو هەوڵێکی خۆی بەگەرخست بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو قەیرانە، هەموو تواناکان بێزارکەر بوون بەرامبەر ڕووداوەکان، چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەم کێشەیە، ڕۆژنامەکان ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەیان دەرکرد، لە سەرەتای شەڕەوە بە ئاراستەی ڕووبەڕوو بوونەوەو پێشکەوتنی یەکەکانی سەربازی لە و ماوەیەدا، بۆیە لەلایەن خەڵکیەوە یەك لە دوای یەك ڕۆژنامەکان دەخوێندرانەوە. هەروەها کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش هەموو هەوڵێکیان خستەگەر بۆ ڕوومالی کردنی هەواڵەکان[٨٣].

٣- ڕاگەیاندنی میسر سەرکەوت بە تایبەتی لە نوسینەکاندا بەشێوەیەك دەرکەوت کە جۆراوجۆر بوون لە دەربڕینـدا، بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، هەروەها ڕوبەرێکی فروان وگەورەی هەبوو بۆ جوڵە پێکردن و بلاْوکردنەوەی ڕاگەیاندنی عەرەبی خوێندراو بیستراو بینیراو. خەریکبوو ڕاگەیاندنی میسری جیابێتەوە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی تری لەناو میسر بوون بەرامبەر ئەو بیرووڕایانە.

٤- ڕاگەیاندنی میسر سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە گۆڕینی وینەی سەرەکی سەدام حوسین کە پێشتر سەدام لایەنگری زۆری هەبوو لەناو گەلی میسردا، ئەو وێنەیەی گۆرانی بەسەر داهات کە بە( پاڵەوانی عەرەبی )ناسرابوو. وانیشاندرا بەم شێوە کەسایەتیانە وەسف بکرێ بە( دیکتاتۆر،دزورێگر،هیتلری ڕۆژهەلاْتی، پیاوکوژ، هۆلاکۆ) تا کۆتایی ئەم جەنگە. ڕاگەیاندنی میسری وایکرد کە وەکو کراسێك هەمووی لەبەر دامالێنن. کارێکیان کرد کە ئەو لێکچوونەی کە پێشتر بە سەدامیان دەگووت:"سەدام وجەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر یەك شێوەیان هەیە". ئەمە گۆڕدرا لە ڕاگەیاندنەکان و کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی لایەنگرانی هەبوو [٨٤].

٥- ڕاگەیاندنی میسر پاساوی بەبڕیاردانی سەرکردە سیاسیەکانی میسر هینایەوە، بە ناردنی سوپای میسر بۆ کەنداو، دەیانووت ئەمە پۆ پارێزگاریکردنە لەو پەیماننامەیەی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی هاوبەش هەبوو، (پەیماننامەی کۆمکاری عەرەبی) هەبوو بۆ فریاکەوتن وبرایەتی ڕێزگرتن لە شەرعیەتی نێودەوڵەتی.

---

[٨٢] عبد الفتاح ابراهيم عبد النبی: م.س، ،ص٣١.

[٨٣]سعد لبيب:حرية الصحافة الألكترونية في ظل ثورة تكنولوجيا الاتصال، مجلة متابعات اعلامية،العدد (٤٣)،صنعاء،١٩٩٤،ص٧٥.

[٨٤]عبد الفتاح ابراهيم عبد النبی: م.س،ص٢٧.

٦- سەرکەوتنی ئامێرو ڕاگەیاندنی میسر لە وێنەگرتنی جەنگی کەنداوی دووەم، میسریەکان هەوڵیاندا تا ئازادکردنی کوێت بجەنگن و ڕێز لە شەرعیەتی ئەم دەوڵەتە بگرن[٨٥].

**هەندێ لایەنی نەرێنی کە ڕاگەیاندنی میسری پەیڕەوی کرد لەجەنگی دووەمی کەنداو:-**

١- ڕاگەیاندنەکانی میسر پشتیان بەستبوو بە رژێمی سیاسی (جگە هەندێ ڕۆژنامە حیزبیەکان)، تەنها لە بازنەیەك دەخولانەوە پاساویان دەهێنایەوە، ڕەفتارو پیاهەڵدانیان بۆ چارەسەرەکردنی کیشەی کەنداوە، بەلاَم لە ڕاستیدا وانەبوو چونکە ڕاگەیاندنی میسری ببووە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژئاوایی وئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەرەکی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیاندنی ئەمریکی هەواڵ وزانیاری ڕوداوەکانی لە ڕاگەیاندنی میسری وەردەگرت، لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی تۆڕی (CNN )ی ئەمریکی کە تۆڕێکی جیهانی بوو، ڕۆڵێکی گەورەی لە کیشەی کەنداو بینی، بەتایبەتی لە ڕووبەرووبوونەوەی سەربازی، چونکە پشتی بە پەیامنێرو رادیوو تەلەفزیۆنەکان دەبەست کە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکان بوون بۆ هەواڵ بۆنموونە وێنەی ڕووداوەکانی دەگواستەوە بۆ ناو کۆمەڵگە[٨٦].

٢- دورکەوتنەوەی ڕاگەیاندنی بینراو لە هەندێ پێشکەشکاری میدیایی چونکە میدیا پیشەیەکی هێمنانەیەو ئاڵوگۆڕی گرنگی هەواڵی تێدایە، کە پێویستە هەواڵی ڕاست وبەسود بدات وشیکردنەوەی قوڵی هەبێ، ڕاگەیاندن پێویستیەکی دیاریکراوە لە پاراستنی تایبەتمەندی میدیا، کە دەبێت جوان و بریندارکەر نەبێت هەڵچوون لە نێوان قسەکان ڕوونەدات. بەلاَم جەنگی دووەمی کەنداو جیاوازی ئەوەبوو کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی میسری بە شێوەیەکی هەرەمەکی باسیان لەو جەنگە دەکردو جیاوازیان دەخستە ناو کۆمەڵگاوە ببوونە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها ڕاگەیاندنی عێراقی ڕێکخرابوو لە ئاست میدیاییەوە.بەلاَم ئەویش گۆڕانکاری تێیدا رویدا[٨٧].

٣- بە ئاشکرا دەرکەوت کە هەڵویستی فەرمی میسر لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانان بوو، گرنگی پێ نەدان و پێشکەش نەکردنی هاوکاری بۆ عێراق، بەتایبەتی لە بواری سەربازی، لەسەرەتادا دووبەرەکی لە بواری ڕاگەیاندن بۆ گواستنەوەی هەواڵی یەك لایەن بوو، ئەویش کوتایی عێراق بوو.

٤- ڕاگەیاندنی میسری پشتی بەستبوو بەسەرچاوەی دووەم، بەگواستنەوەی هەواڵەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیوێ بیانیەکان، ئەمەش وەك شتێکی کەم سەیر دەکرێ، چونکە ڕاستەوخۆ پەیامیرەکان لەوێ ئامادەنەبوون لەناوچەکەو شوێنی ڕووداوەکان.

٥- لاوازی لە پیشاندان و پەیامێرانی ڕۆژنامەکان و ڕادیو و تەلەفیزۆنەکان دەردەکەوێت ،چونکە پەیامێران و ڕۆژنامەنوسان لێداونەکانی سەرکردەکانیان وەردەگرت، واتە خۆیان دوربوون لە شانۆی ڕووداوەکان ڕاستەخۆ

(٨٥) سعد لبيب:م.س،ص٢٧.

(٨٦) عبد الفتاح ابراهيم عبد النبى، م.س،ص٢٨.

(٨٧) بسيونى حمادة.م.س،ص١٥٥.

ئامـادە نـەبوون لـە رووی مێـژووی و سیاسـی و جـوگرافی سـەربازیەوە ئـەم جەنگـە هەڵسـەنگێنن و ڕاسـتەوخۆ هەواڵەکان بگوازنەوە[٨٨] .

## ئەنجام

لە دوو توێی ئەم توێژینەوە دەتوانین بڵێین گەیشتوینەتە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

١. ڕاگەیانـدنی میسـری ڕاگەیانـدێکی بـی لایـەن نـەبووە، لـە مامەڵـەکردنی ڕوداوەکـان، بـەڵکو وابەسـتەی دەسەڵاتی سیاسـی بـوو، لـە پێنـاوی بەرژەونـدی دەسـەلات کـاری کـردووە، بۆیـە زۆربـەی وتـارو سـەردێری رۆژنامەو گۆڤارەکان، پیشاندانی ڕووداوەکـانی ئـەم جەنگـەبوو، هـەروەها لـەم جەنگـەدا میـدیایی میسـری دژایـەتی تـەواوی عێراقـی نیشـاندا تـا کۆتـایی جەنگەکـە، لەهـەمان کاتـدا ژمارەیـەکی کـەمی ڕۆژنامـەش هەبوو،کە وابەستەی سیاسەتی دەوڵەتی میسر نەبووە.

٢. ئەم جەنگە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو لایەنـە شـاراوەکانی حکومـەتی عێـراق بـەدیار بخـات، هـەموو ئـەو تاوانانەی لە ئێستاو لە پێشتر ئەنجامیداوە، لە میدیا عـەرەبی و جیهانیـەکان پیشـان بـدرێ، بـەڵام ئـەوەی شایەنی باسە پێشتر لەجـەنگی کەنـداوی یەکـەم وڵاتـانی عـەرەبی وەك( میسروسعودیە وئـەردەن وڵاتـانی کەنـداو) هـیچ هەڵوێسـتێکیان نـەبوو، بـەڵام بـۆ جـەنگی دووەمـی کەنـداو ڕاگەیانـدنی میسـری بەوپـەری بوێرانە کەوتە پیشاندان و ناشیرنی کردنی حکومەتی عێراقی، تەنانـەت وڵاتیکی وەك میسـر تـا هـات بـە هێزی سەربازی دژی عێراق بوەستێتەوە.

٣. ڕاگەیانـدکاران و میـدیاکانی میسـر بەوپـەری توانـاوە کەوتنـە پیشـاندان و تۆمـارکردنی ڕووداوەکـانی ئـەم جەنگە، هەریەکە لەرۆژنامەوگۆڤارو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کـە سـەردێری هـەموو لاپەرەیـەك پیشـاندانی ئەم جەنگەبوو، بەرنامە لە تەلەفزیۆنـەکان نـەمابوو هـەموو هـەواڵ و پیشـاندنی ڕووداوەکـانی جەنگەکـە بۆ ناو کۆمەڵگەی عەرەبی و میسری.

٤. ئەم جەنگە وای لە پەیوەندی دەوڵەتانی عەرەبی کـرد کـە بـەدوای بەرەژەونـدی خۆیـان بـن، وڵاتێکـی وەك میسـر کـە پەیوەندیـەکی توونـدو تـۆڵی لەگـەڵ عێـراق هـەبوو، بـەڵام دواتـر هەڵوێیسـتی گـۆردراو چـووە بـەرەی هاوپەیمانانـەوە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە لاوازی و فشـەڵی وڵاتـانی عـەرەبی لـەناوخۆیان، تەنانەت بۆ چارەسەر کردنی کیشەکانی نێوان خۆیان پەنا بۆ وڵاتانی رۆئاوا دەبەن تا یارمەتیان بدات.

٥. لەم جەنگەدا وێنـەی سـەدام لـە ڕاگەیاندنـەکانی میسـری ناشـیرین کـرا، چـونکە پێشـتر سـەدام حوسـێن لـە میسـرو دەوڵـەتانی عـەرەبی وەك پاڵـەوان سـەیر دەکـرا، بـەڵام ڕاگەیانـدنی میسـری وایکـرد بـە کەسـێکی دیکتاتۆر باسی لێوە کرا، بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆیـان دا تـا لای کۆمەڵگەی عـەرەبی رۆژئـاوای ناشـیرینی بکەن.

---

[٨٨] عبد الفتاح ابراهیم عبد النبی، م.س،ص٤٥.

### ليستى سەرچاوەكان

**يەكەم: كتێبەكان بە زمانی كوردی:**


١- جيمس بيكەر : سياسەتی ديبلۆماسی ، و: شوان احمد ،چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولير،٢٠١٢.

٢- حازم صاغيه: بەعسی عێراق-دەسەلاتی لە دروستبوونيەوە تا ڕووخانی،وە: بورهان عەتار،چاپخانەی روون،سلێمانی،٢٠١٣.

٣- چارلز تريب: چەند لاپەرەيەك لە مێژووی عێراف،و: محمەمەد حوسێن ئەحمەد _عبدالقادر كەلهور،چ٣،دەزگای چاپ و بلاوكراوەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٣.

٤- فيبی مار: مێژووی نوێی عێراق ، و:حەمە شەريف حەمە غەريب و شێركۆ ئەحمەد حەوێز،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٠.

٥- كۆن كۆگلن: سەدام و ژيانی نهێنی ،و: لوقمان باپير، چ٢ ،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١١.

٦- مستەفا ئەلدەباغ: چاوبەستن و هەلخەلتاندن لەجەنگی كەنداودا، چاپخانەی مەشخەل ،سلێمانی ،٢٠٠٢.


**دووەم : كتێبەكان بەزمانی عەرەبی:**


٧- ابراهيم نافع: في الحب والحياة، مركز الاهرام، القاهرة، ١٩٩٧.

٨- أحمد أمين سليم:مصر والعراق_دراسة حضارية،ط٢، دار النهضة العربية،بيروت ،٢٠٠٩.

٩- أحمد صدقي الدجاني:ازمة الخليج وتداعياتها علي الوطن العربي،ط٢، مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت، ١٩٩٧.

١٠- احمد كمال شعت : العراق المغبون و تداعيات حرب الخليج ، مكتبه مدبولي، القاهرة،د.ت.

١١- اديث وائي ،ايف بينروز :العراق دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥-١٩٧٥،ترجمة: عبد المجيد القيسي،ج٢،د.م،١٩٨٩.

١٢- اريك دافيس :مذكرات دولة- السياسة والتاريخ الهوية الجماعية في العراق الحديث،ت:حاتم عبدالهادي،مؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،٢٠٠٨.

١٣- ا لأمير المليجي: تاريخ نقابة الصحفيين، مؤسسة التضامن العربي، القاهرة، ١٩٩٩.

١٤- بيار سالينجر اريك لوران: حرب الخليج الملف السري،ط٩،دارازال للتوزيع والنشر،بيروت، ١٩٩١.

١٥- تشارلز امر نجر وتعريب غانم زين الدين: المطرقة والدرع-المخابرات المركزية الامريكية القصة الكاملة من الولادة الى الدور البارز في حرب الخليج، دار الحسام، بيروت، ١٩٩٢.

١٦- جلال امين : العرب ونكبة الكويت،مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩١.

١٧- حمد الجاسر : المعجم الجغرافي للبلاد العربية السعودية،المنطقة الشرقية، السعودية،١٩٧٩.

١٨- خالد يحيى احمد الجبوري، الكويت ومحاولات استعادتها في التاريخ المعاصر،بغداد،١٩٩٣.

١٩- د.م: زلزال الخليج من الغزو العراقي الى المجهول، مطابع الاهرام التجارية، القاهرة، ١٩٩٠.

٢٠- رفعت سيد احمد: في رواق الهزيمة الحصاد المر لحرب الخليج الثانية، دار الهدى للنشر والتوزيع،مصر، ١٩٩٢.

٢١- سيروب أستيبانيان: منظمة البلدان المصدرة للنفط اوبيك، مشورات النفط والتنمية،بغداد،١٩٨٠.

٢٢- عبدالكريم احمد عامر: مجليس التعاون العربي الحاضر والمستقبل،مطبعة مديرية التوجية السياسي، صنعاء، ١٩٨٩.

٢٣- عبدالله محمد عبدالله:كاريكاتير المشاهير في أزمة الخليج ،الدار المصرية للنشر والتوزيع، القاهرة،١٩٩٠.

٢٤- مركز الاعلامي الكويتي في القاهرة:جريمة غزو العراق للكويت أحداث ووثائق- من يوم الغزو حتي يوم التحرير،طبعة جديدة،القاهرة، ١٩٩١.

٢٥- محسن عوض:مصرو إسرائيل-خمس سنوات من التطبيع،دار المستقبل العربي،بيروت، ١٩٨٤.

٢٦- مفيد فوزى: كلام مفيد_رؤى حياتية ، الهيئة العامة لقصور الثقافة ، القاهرة ، ٢٠١٠.

٢٧- هيثم غالب الناهي : خيانة النص في الخريطة السياسية للمعارضة العراقية (قراءة نقدية في رواية الحدث والتاريخ) ، الدار الاندلسية ، لندن ، ٢٠٠٢.

سێیەم: كتێبەكان بەزمانی ئینگلیزی:

٢٨- John mearsheimer and stephen walth: an unnecessary war,foreign policy,jun feb ٢٠٠٣.

٢٩- Karen pfeifer: Kuwaits Economic Quanary,Middle east report,No.٢٢٣,(summer,٢٠٠٢).

٣٠- Lawrence Freedman and Efraim Karsh: How Kuwait was won-strategy in the Gulf War, international Security,Vol.١٦,No.٢(Autuman,١٩٩١).

٣١- Lawrence Freedman and Efrian Karsh: The Gulf Conflict ١٩٩٠-١٩٩١, princeton University press, London,١٩٩٣.

٣٢- Ray E. Weisenborn: Media in the Midst of War: The Gulf War from Cairo to the Global Village, Adham Center,Cairo, ١٩٩٢.

چوارەم: تێزە زانكۆییەكان بەزمانی عەرەبی:

٣٣- بسيونى حمادة:دور وسائل الاتصال المصرية فى صناعة القرارات- دراسة تطبيقية على صانعى القرار فى مصر، رسالة دكتوراه، كلية الاعلام،جامعة القاهرة، القاهرة،١٩٩١.

٣٤- هويدا سيد مصطفى: التناول الاخبارى للقضايا والشئون الاخبارية فى التليفزيون المصرى- دراسة تطبيقية على أزمة الخليج، رسالة دكتوراه، كلية الاعلام،القاهرة،١٩٩٤.

پێنجەم: گۆڤار:

٣٥- ابراهيم سعدالدين: حرب الخليج الثاني، مجلة (المصور) العد(١٣٥)، القاهرة، (١٠/أب/١٩٩٠).

٣٦- أحمد حمروش:حرب الخليج،مجلة (روز اليوسف) ،(١٢٢)مؤسسة روز يوسف، القاهرة،(١٥/تشرين الاول/١٩٩٠).

٣٧- بطرس بطرس غالي: افتتاحية ، مجلة (السياسية الدولية)، العد(١٠٥)، القاهرة،١٩٩١.

٣٨- تركي الحمد: أزمة الخليج الجذور والاثار،مجلة (المستقبل العربي)،العدد( ١٥٢)، اكتوبر١٩٩١.

٣٩- جمال سليم: حرب الخليج الثانية، مجلة (روز اليوسف)، العدد( ١٢٣) القاهرة،(١٠/ئيلول/١٩٩٠)،ص١٥.

٤٠- سعد لبيب:حرية الصحافة الألكترونية في ظل ثورة تكنولوجيا الاتصال، مجلة متابعات اعلامية،العدد (٤٣)،صنعاء،١٩٩٤.

٤١- شاهيناز محمود بسيونى: دور الاذاعات العربية فى التعبير عن التوجه القومى إثر انتهاء حرب الخليج، مجلة الفكر الاستراتيجى العربى، العدد (١١٠)، بيروت، (تشرين الأول ١٩٩١.

٤٢- عبد الفتاح إبراهيم عبد النبى: أزمة الخليج ومصداقية ألاعلام المصري، مجلة الدراسات الاعلامية، العدد( ٦٣) ، المركز العربى للدراسات الاعلامية، القاهرة( نيسان _حوزيران ١٩٩١).

٤٣- عبدالعظيم رمضان :الغزو البعثي الصدامي العراقي على الكويت،مجلة اكتوبر ،العدد(٢٢١)،مجلة سياسية عربية الاجتماعية،دار المعارف، القاهرة،(٢١/أب/١٩٩٠).

٤٤- عدنان مسلّم: عشية اندلاع أزمة الخليج وحرب الخليج الثاني ١٩٩١،مجلة (مصور)،العد(٢٤٠) كلية العلوم الإنسانية جامعة بيت لحم،القاهرة،١٩٩١.

٤٥- عواطف عبدالرحمن :تجليات التبعية الاعلامية في حرب الخليج ، مجلة الدراسات الاعلامية، العدد(٦٦)، المركز العربي للدراسات الاعلامية، القاهرة، يناير_مارس١٩٩٢.

٤٦- محمد عبد المنعم، السيناريو والكابوس، مجلة (الدفاع)، العدد (٥٤)، مؤسسة الاهرام، القاهرة ، يناير ١٩٩١.

٤٧- محمد وجدى قنديل:حرب الخليج، مجلة (أخر ساعة )،العدد(١٧٣)مؤسسة الاخبار، القاهرة،( ٨/أب/١٩٩٠).

٤٨- م حمد يوسف زايد: مجلس الأمن الدولي يعتمد القرار ٦٦٩، مجلة (روز اليوسف) العدد( ١٢٢) القاهرة، (٢٤/ايلول/١٩٩٠).

٤٩- مصطفى حجاج: كيف واجه الاعلام المصري تطور الازمة، مجلة الدراسات الاعلامية،العدد(٦٤)، المركز العربي للدراسات الاعلامية، القاهرة، يرليو-سبتمبر ١٩٩١.

٥٠- مفيد فوزي: حرب الكارثة، مجلة (صباخ الخير)، العدد(١٨٠)القاهرة،(٢٤/كانون الثاني/١٩٩١)،ص١٢.

٥١- نيفين مسعد: صحافة المعارضة المصرية والأزمة، مجلة (الدراسات الاعلامية)، العدد (٦٤)، المركز العربى للدراسات الاعلامية، القاهرة، (تموز _أيلول ١٩٩٠).


**شەشەم: ڕۆژنامە:**


- صحيفة ( الأهالي):العدد(٣٤٥٦٣)،بتاريخ (١٥/ أب/ ١٩٩٠).
- صحيفة ( الاهرام، العدد(٣٧٨٦٠)، بتاريخ (٤/ أب/١٩٩٠)
- صحيفة ( الشعب) ،العدد(١١٣٤٥ )، بتاريخ(٢١/أب/١٩٩٠)
- صحيفة ( الوفد): العدد(٢٤٥١٢)، بتاريخ١٥/أب/١٩٩٠)،
- صحيفة (الاخبار اليوم)، العدد(١٣٤٣٥) بتاريخ (٤/أب/١٩٩٠)
- صحيفة (الجمهورية) :العدد(١٣٥٠٠) ،بتاريخ(٢١/أب/١٩٩٠)
- صحيفة الجمهورية العراقية،العدد (٤٤٢٠) ، بتاريخ(٨/تشرين الاول ١٩٨٩)

**الملخص**

**إحتلت الكويت من قبل العراق في سنة(١٩٩٠)، كان لهذا ألاحتلال أسبابه التاريخية والسياسية وألأقتصادية ويعدُ هذا الأحتلال خطأً تاريخياً أرتكبه صدام لكي يغطي على حالته المزرية بعد حربه مع ايران خلال ثمان سنوات، فحالة البلاد ألأقتصادية السيئة وتراكم الديون دفع صدام للجوء الى هذه الحرب، فقد كان لكبرياء صدام وجهله وكرهه للغرب منذ أسباب هذه الكارثة.**

**كان ألأعلام المصري من اوائل المؤسسات ألأعلامية إهتماماً بهذة الحرب. من خلال نقل أحداثها الحرب إلى المجتمع العربي، وأظهر ان الغرب يستغيث العرب من هذة الحرب لذلك أوجب تحرير الكويت وجعلها واجباً على الغرب و الدول المتحالفة بها، بهذا إدارت مصر ظهرها للعراق حفاظاً، على مصالحها السياسية وألأقتصادية أنذاك. وقد دلت الحقائق ألأعلام المصري لم يكن حيادياً وتهنيا في عرض الوقائع. بل ظهر إن ملزما الى السلطة السياسية في دولة الكويت. وقد بدأ ذلك جلياً من خلال القنوات ألأعلامية من صمامة ولفزة، في محاولة جادة للأساءة إلى الشخص الرئيس العراقي صدام حسين وينزعوا عنه كل ثوب معنوي كان يفخر به من ادي قيل. وفي نهاية ثم تحرير الكويت وطرد الجيش العراقي لها.**

## Abstract

The invasion of Kuwait by Iraq in (1990), was because of historical, political, and economical factors, to link to Iraq. It was a historical mistake that Saddam made to escape from that bad situation he entangled of eight years of battle with Iran. The bad economical state and all those debts on Iraq made Saddam Husain resort to that war. The ignorance from the side of Saddam about west and his proud get him to it.

The Egyptian Media was one of those who greatly interested in that war. Started to convey all the events to Arab community. Showed that the rescuer of that battle was the west, that is why for the west and its allies have to liberate Kuwait, turned his back of a country that was the same nation and the same language speakers for the sake of some of its political advantages by the Egyptian government at that time, that is why the Egyptian media was not independent, but bound to a political authority, that is why all the headlines of newspapers and the TV news was about that war, this way they made best attempt to get him striped from that shirt that was he bouts of himself previously. Eventually they could move out the last troop of Iraq from Kuwait and liberate it.